بنیاتنەرانی کەلتوور

# "تیۆریی دراما لای ئەریستۆ"

ئازاد بەرزنجی

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**بنیاتنەرانی کەلتوور ژمارە (٦)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ **تیۆریی دراما لای ئەریستۆ**

نووسینی: ئازاد بەرزنجی

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٦ کوردستان ـ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٣٩)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## پێڕست


تیۆریی دراما لای ئەریستۆ .......................................... ٥

پێشەکی ......................................................................... ٩

چەمکی شیعر لای ئەریستۆ ......................................... ١٣

لاساییکردنەوە لای ئەفلاتوون ...................................... ١٥

لاساییکردنەوە لای ئەریستۆ ......................................... ١٩

ڕیشەی لاساییکردنەوە ................................................. ٢١

جۆرەکانی شیعر لای ئەریستۆ ....................................... ٢٥

١. تراجیدیا ..................................................................... ٢٥

٢. کۆمیدیا ...................................................................... ٥٧

٣. داستان ....................................................................... ٦٠

کۆتایی .......................................................................... ٦٩

بەراوردێک لە نێوان شانۆی ئەریستۆیی و

شانۆی داستانی (یان برێختی)دا ................................... ٧٣

سەرچاوەکان .................................................................. ٨٠

هەندێ لەو ناو و زاراوانەی لە باسەکەدا هاتوون ..... ٨١

## دەسپێك

فەیلەسووفی ئینسایکلۆپیدی ئەریستۆ (٣٨٤ی پ.ز-٣٢٢ی پ.ز) کە پێشی دەوترێ هیگڵی سەردەمی کۆن و قوتابیی ئەفلاتوونی فەیلەسووف بووە، بە یەکێک لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی یۆنان دەژمێردرێ، کە کاریگەرییەکی دیار و بەرچاوی لە مێژووی فەلسەفەدا هەیە. ئەریستۆ لە باکووری یۆنان هاتە دونیاوە و باوکی (واتە نیکۆماخۆس) پزیشکێکی بەناوبانگ بوو، کە لە دەرباری مەکەدۆنی کاری دەکرد و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوڕەکەی هەبوو و هەر لەوەوە ئەریستۆ فێر بوو بایەخ بە لێکۆڵینەوە لەسەر سروشت و زیندەوەرەکان بدات.

ئەریستۆ ساڵی ٣٦٧ی پ.ز دەچێت بەرەو ئەسینای پایتەختی یۆنانی کۆن و لەوێ لە ئەکادیمیاکەی

ئەفلاتووندا دەبێت بە قوتابی و نزیکەی بیست ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە.

بێ دوودڵی دەتوانین ئەریستۆ بە گشتگیرترین فەیلەسووفی یۆنانی لەقەڵەم بدەین لەو ڕووەوە کە کەم بوار هەبووە توێژینەوەی تیا ئەنجام نەدابێت و لەسەری نەنووسیبێت، وەکو: سروشت، مێتافیزیک، ئەخلاق، سیاسەت، لۆجیک و هەروەها وتاربێژی و ئەدەب.

شایانی باسە یەکێک لەو کتێبانەی کە ئەریستۆ بیروبۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی سەبارەت بە ئەدەب تیا خستووەتە ڕوو، کتێبی (هونەری شیعر)ە، کە تاکو ئێستاش لە مێژووی تیۆرییە ئەدەبییەکاندا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و گەلێ لەو مەسەلانەی لەو کتێبەیدا باسی لێ کردوون، مایەی گفتوگۆکردن و مشتومڕکردنن.

هەر لەم کتێبەدا ئەریستۆ بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە دراما بەگشتی و تراجیدیا بەتایبەتی دەربڕیوە. گەرچی کتێبی شیعر چەند جارێک کراوە بە کوردی و دەقەکەی لە بەردەستی خوێنەری کورددا هەیە، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی وەها سەبارەت بەم کتێبە بە زمانی کوردی نابینرێ.

وێڕای ئەوەی مێژووی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر بە دەستنووسی لام مابووەوە و لە هیچ جێیەکیش بڵاوم نەکردبووەوە، بە باشم زانی دوای پێداچوونەوە، لە شێوەی کتێبێکدا بیخەمە بەردەستی هەوادارانی تیۆریی ئەدەبی بەگشتی و شانۆکاران بەتایبەتی.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر گرنگیمان بە بیروبۆچوونەکەی ئەریستۆ داوە لەبارەی دراماوە. بۆ سوودگەیاندنی زیاتریش بە خوێنەر، بە چاکمان زانی وەکو پاشکۆیەک، بەراوردێک لەنێوان شانۆی ئەریستۆیی و شانۆی داستانی (یان بریختی)دا بکەین. ئەمە جگە لە ڕوونکردنەوەی ئەو زاراوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون. بەئومێدی پڕکردنەوەی کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیدا.

## پێشەکی

زۆربەی ڕەخنەنووسانی شانۆیی لەسەر ئەوە ڕێکن کە یۆنان لانکی ڕاستەقینەی دراما بووە و سەرهەڵدان و فراژیبوونیشی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو کەشە ئایینییانەوە هەبووە کە لەو دەمەدا بۆ ئەو خواوەندانە سازکراون، کە گریکە کۆنەکان باوەڕیان پێیان هەبووە و بەتایبەتییش "دیۆنیزیۆس یا باخۆس" خواوەندی پیتەشت و دەوەن و بەروبووم و ڕەز.

گریکەکان بۆ ئەم خواوەندە ساڵی دوو ئاهەنگیان گێڕاوە، یەکەمیان لە سەرەتای زستاندا؛ واتە دوای ترێ ڕنین و مەی دروستکردن. لەو دەمەدا شادی و خۆشییەکی ئێجگار دایدەگرتن و بە کەیفەوە سروودی ئایینی و گۆرانییان دەچڕی و سەمایان دەکرد. لەم جۆرە ئاهەنگەیانەوە "کۆمیدیا Comedy" هاتە گۆڕێ، لە ئاهەنگەکەی تریشیانەوە کە پاش ئەوەی ڕەز وشک دەبوو و ڕووی سروشت گرژ و مۆن دەبوو، "تراجیدیا Tragedy" هاتە گۆڕێ.

کەواتە [دراما "واتە شانۆیی" ڕاستەوخۆ لەو ئاهەنگ و جەژنە دیۆنیزیۆسیانەوە پەیدابوو... لەو کەش و سەما و سروودانەی پیایدا هەڵیان دەدا... لەو کەژاوانەی بۆ ڕێزلێنان و شکۆلێنانی دادەبەستران و بەشداران سەرنجیان لێ دەدا و شاپلێتەیان هەڵدەگرت و دەمامکیان دەپۆشی، ئەو شوێنەی بۆ ئەم ئاهەنگەیش تەرخان دەکرا، پێی دەگوترا "شانۆ" و ئەوانەی لە ڕێزلێنانی خواوەندا بەشدارییان دەکرد لەپێشدا بە زێوان "الكاهن" و پاشانیش بە "ئەکتەر" ناسران، ئەوانەی پێشەنگیی سروودوتنەکەیان دەکرد و دەیانتوانی سرودی نوێ بهۆننەوە بە "شاعیر" ناودەبران و وردەوردە بواری ئەم کارەیان فراوانتر بوو، تا ناوی "درامانووس"یان بەسەردا دابڕا، هەروەها ئەوانەی کە تەنها بە گیان و سۆزەوە بەشداریی ئاهەنگەکەیان دەکرد، ناویان نرا "بینەران"]. (تاریخ المسرح في ثلاثة آلاف سنة، شلدون تشيني)

کۆنترین پیەسی شانۆیی گەیشتبێتە دەستمان، پیەسەکانی درامانووسە گریکەکانن و بەتایبەتی شانۆنامەکانی ئەسخیلیۆس (٥٢٥ – ٤٥٦ی پ.ز) و سۆفۆکلیس (٤٩٥ – ٤٠٥ی پ.ز) و یۆرپیدیس (٤٨٠ – ٤٠٥ی پ.ز) لە بواری تراجیدیادا و ئەریستۆفانیس

(٤٤٤ – ٣٨٨ی پ.ز) و میناندەر (٣٤٢ – ٢٩٢ی پ.ز) لە بواری کۆمیدیادا. بابەتی زۆربەی ئەو شانۆنامانەش لە ئەفسانە و داستانە گریکەکانەوە وەرگیراون. ئەو شانۆنامانەش بەڵگەن بۆ بڵندی و نەمریی ژیاری دێرینی یۆنان و ئەو قسەیەی ئەلاردایس نیکۆڵ دەسەلمێنن کە دەڵێت: [یۆنانیەکان یەکەم کەس بوون بایەخیان بە شانۆ داوە و سیستمێکی تایبەتیان بۆ داناوە و جیهانیش ئەم هونەرەیان لەوانەوە وەرگرتووە]. (المسرحية: نشاتها و تاريخها و اصولها، ص٨).

هەروەک چۆن کۆنترین پیەسی شانۆیی ڕاستەقینە بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە؛ هەر بەو جۆرە یەکەم تیۆریی درامایش کە مەنهەجیانە و زانستیانە لە درامای تۆژیبێتەوە، تیۆرییەکەی ئەریستۆتاڵیس (٣٨٤ – ٣٢٢ی پ.ز)ە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "هونەری شیعر"ەوە، کە تیایدا بەرهەمی هونەریی سەردەمەکەی شی دەکاتەوە و بنچینە و ڕێساکانی داهێنان و ئافراندنی هونەرییان لێ هەڵدەهێنجێت. بۆ ئەم مەبەستەیش زۆر بە وردییەوە ڕوانیویەتە شانۆنامەکانی ئەسخیلیۆس و یۆرپیدیس و سۆفۆکلیس و داستانەکانی هۆمیرۆس و چەندان بەرهەمی هونەریی تری ئەو دەمە.

ئەریستۆ نەهاتووە لەخۆڕا یاسای هونەری دابنێت و بەسـەر کـاری هونەریـدا بیـسەپێنێت، بەڵکـو ئەو ڕێـسایانەی وەکـو ئەنجامێـک پێیـان گەیـشت زادەی ئەزمـوونێکی زۆر و بـایەخ و سـەرنجی وردن. کتێبەکەشـی (واتە "شـیعر") یەکـێکە لە نووسـراوە گرنگەکان لە مێژووی ئێستاتیکا و ڕەخنەی ئەدەبیدا و [نەک بە تەنهـا بەڵگەنـامەیەکی تیـۆریی گـرنگە، بەڵکـو گەواهینـامەیەکی ڕاستگۆیـشە لەسـەر پەرەسـەندوویی هـونەری گریکـی] (مـوجز تـاریخ النظریـات الجمالیـة، ص٢٣).

کەواتە بـا وردەوردە بکەویـنە تـاوتوێکردنی کتێبـی "شیعر" ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە تیۆرییە دراماییەکەی ئەریـستۆوە هەیە و شـیکردنەوە و لێـدوان لەو چەمـکە هونەرییانەی لە تیۆرییەکەیدا بەکاری هێناون.

## چەمکی شیعر لای ئەریستۆ

شــیعر هــونەرێکە لە هونەرەکــان؛ جــا ئەو شــیعرە داســـتانی بێــت، یــان درامــایی (واتە تراجیــدیایی یــا کۆمێدیایی)، هونەریش بریتییە لە لاساییکردنەوە (التقلید - المحاکاة). شیعر لاسایی فرمان (کردار یان کردەوە)ی کەسانی چاک و بەد دەکاتەوە؛ بەو مەرجەی فرمـانەکە ڕێکــوپێکی و تەبــایی (توافــق - إنــسجام) لەنێــوان بەشـەکانیدا هەبێت و بەپێی پێداویستی (الـضرورة) یـا شــێمانە (الاحتمــال) شــیرازەی ڕاســتەقینەی خــۆی وەربگرێـــت، شـــیعریش لای ئەریـــستۆ شـــیعرێکی مەوزوعییە و فرمان تەوەرێتی، کە گیانی شیعرە؛ لەبەر ئەوەی چیـرۆک یـان حیکـایەت (الحکایـة، الخرافـة) کە بڕبــڕەی پــشتی شــانۆنامەیە -هەروەهــا داســتانیش- مرۆڤمان لە کاتی فرماندا بۆ دەخاتە ڕوو.

ئەریـستۆ لە کتێبەکەیـدا بـایەخ بە شـیعری لیریکـی "غنـائي" نـادات؛ لەبەر ئەوەی زادەی هۆشـمەندیی تـاکییە

و مەبەستێکی کۆمەڵایەتی ناپێکێت. بۆیە ئەوەندە بایەخ بە سروودی کۆرسەکانی نێو شانۆنامەکان نادات، تەنها لە ڕووی کاریگەرییانەوە لەسەر فرمان نەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە ناوی زۆر لە شاعیرانی لیریکی (وەکو ساڤۆ "٦٢٠ – ٥٨٠ی پ.ز." و پندارۆس "٥٢٢ – ٥١٨ی پ.ز.") لە کتێبەکەیدا فەرامۆش دەکات و تەنها لا لە شیعری درامایی و شیعری داستانی و جیاوازیی نێوانیان دەکاتەوە و بە ڕای ئەو شیعری لیریکی قۆناغێکی ڕێخۆشکەر بووە بۆ هاتنەکایەوەی تراجیدیا و کۆمێدیا، کە لەو بڵندترن. هەروەها بە ڕای ئەریستۆ دابەشبوونی شیعر بۆ ئەم دوو ڕەگەزە (تراجیدیا و کۆمێدیا) دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی دەروونی شاعیرەکان، [دەروونبەرزەکان لاسایی فرمانی بەرز و مرۆڤە بەرزەکانیان کردەوە و دەروونەنزمەکانیش لاسایی فرمانی مرۆڤە نزمەکانیان کردەوە]. (فن الشعر، ص١٣).

## لاساییکردنەوە لای ئەفلاتوون

بیرۆکەی لاساییکردنەوە زادەی بیری ئەریستۆ نییە، بەر لە ئەریستۆ ئەم چەمکە لای ئەفلاتوون (٤٢٧ – ٣٤٧ی پ.ز) هەبووە و بگرە بەر لە ئەفلاتوونیش بەکارهێنراوە؛ بەڵام ئێمە دوورتر ناڕۆین و ڕوونکردنەوەی چەمکی لاساییکردنەوە لای ئەفلاتوون زیاتر لە چەمکی لاساییکردنەوە لای ئەریستۆمان نزیک دەخاتەوە؛ گەرچی لە مەبەست و ئامانجدا لێکدی جودا دەبنەوە. بەڵام لە بەکارهێنانی ئەم چەمکەدا ئەریستۆ سوودێکی زۆری لە ئەفلاتوونی مامۆستای وەرگرتووە.

هونەر لای ئەفلاتوون "لاساییکردنەوەی لاساییکردنەوە"یە، [تیۆریی لاساییکردنەوە لای ئەفلاتوون کاریگەریی تیۆرییە بەناوبانگەکەی بەسەرەوەیە کە پێی دەڵێن تیۆریی "نموونە باڵاکان – ئایدیالەکان – المثل"، نموونەی یەکەم دروستکراوی یەزدانە و ناتوانین لە واقیعدا ببینین و نموونەیەکی

تەواو و کـــامڵە؛ پاشـــان ژیـــان خـــۆی پـــڕە لە لاسـاییکردنەوەی ئەم نمـوونەی یەکەمە کە ئەفلاتـوون نـاوی دەنێـت لاسـاییکردنەوەی یەکەم، واتە وێـنەی نموونەکە لە واقیعدا، بۆ نموونە وا دابنێین درەختێک لە قەراغ ئـاوێکەوەیە، ئـێمە وێنەی درەخـتەکە لە ئـاوەکەدا دەبینـین، ئەو وێـنەیەی لە ئـاوەکەدا دەردەکەوێـت لاسـاییکردنەوەی وێـنەی نمـوونەی یەکەمە، واتە لاسـاییکردنەوەی لاسـاییکردنەوەیە، چـونکە درەختـی یەکەم هەیە کە یەزدان دروسـتی کـردووە و نمـوونەی یەکەمی درەختە، پاشـان ئەو درەختەی کە بەڕاسـتی لە سروشـتدا هەیە، کە درەختـی دووەمە؛ واتە لاسـاییکردنەوەی نمـوونە یەکەمەکەیە، ئینجـا درەختـی سێیەم هەیە کە وێنەی درەختی دووەمەکەیە لە ئاوەکەدا و نموونەی سێیەمی درەختەکەیە، واتە لاساییکردنەوەی نمـوونەی دووەمە و بە مانـایەکی دی واتە لاسـاییکردنەوەی لاسـاییکردنەوەیە، ئەو تـابلۆیەی هونەرمەنـدێکیش بـۆ درەختێـک دەیکێـشێت کە لە سروشـتدایە؛ وەکـو وێـنەی نـاو ئـاوەکە وایە؛ واتە لاساییکردنەوەی لاساییکردنەوەیە]. (النقد المسرحي عند اليونان، ص٨٤).

حەقیقەتی موتڵەق لای ئەفلاتوون لە جیهانی "نموونە باڵاکـان"دایە، هەروەهـا جـوانیی مـوتڵەقیش، سروشـتی ئێمە لاساییکردنەوەیەکە بۆ ئەو نموونە باڵایانە، تەنانەت مــرۆڤیش لاســاییکردنەوەیە بــۆ ئەو مــرۆڤە کامــڵ و بێخەوشـەی کە لە جیهـانی وێـنە باڵاکانـدایە، لە کاتێکـدا ئـێمە دەڕۆیـن و نـامێنین؛ ئەوان نەگـۆڕ و چەسـپاو و جاویدن.

کە دارتاشـێک کورسـییەک دروسـت دەکـات؛ ئەو کورسـییە داناهێنێت؛ چـونکە بیـرۆکەی کورسـییەکە لە جیهـانی نموونەکانـدا هەیە. کەواتە ئەم کورسـییەی کە دروسـتی دەکـات، حەقیقەتـی مـوتڵەق نیـیە، بەڵکـو نوسـخەی دووەمە. کـاتێکیش نیگارکێشێک نیگـاری ئەو کورسـییە دەکـات؛ واتە نیگـاری نوسـخەی دووەمـی کورسییەکە دەکات، بەمە ئەگەر کابرای دارتاش پلەیەک لە حەقیقەت دوور بکەوێتەوە؛ ئەوا هونەرمەندەکە دوو پـــلە لە حەقـــیقەت دوور دەکەوێـــتەوە؛ لەبەر ئەوەی لاسـاییکردنەوەی لاسـاییکردنەوەمان بـۆ دەخـاتە ڕوو، کەواتە دارتاشەکە لە حەقیقەتەوە نزیکترە.

بە هەرحاڵ ئەفلاتوون ئەوە ئاشکرا دەکات کە شیعر لاسایی ڕواڵەت دەکاتەوە و بەدوای حەقیقەتدا ناگەڕێت، بۆیە شیعر شتێکی ئاسانە و مەحاڵە شاعیر بتوانێت ئەو

خـوده بخولقێنێـت که لاسـایی دەکـاتەوە و هەروەهـا ڕواڵەتـی ئەو خـودەش، بۆیە شـاعیران لاسـاییکەرەوەی ڕواڵەتـــی شـــتەکانن، شـــیعریش لە "هـــونەری لاساییکردنەوە" بەولاوە هیچـی تـر نیـیە، کەواتە شـیعر شـتێکی بێکەڵکە و بەتـایبەتیش شـیعری درامـایی؛ لەبەر ئەوەی ئەو چێـژەی لە شـانۆدا هەسـتی پـێ دەکەیـن، چێـژێکە ئـازاری لەگەڵـدایە و بەمەش شـاعیرەکە بیـنەر چەپەڵ دەکات. هەر بۆیە بێ دوودڵی شـیعر و شـاعیران لە "کۆمار"ەکەی دەردەکات و وەکو وتمـان [ئەم هێرشـە بەتایبەتی بۆ سەر شیعری دراماییە و شیعری لیریکی و داستانی و فێرگوزاری ئاوارتە دەکات].

## لاساییکردنەوە لای ئەریستۆ

**"هـــونەر کەموکوورپییەکـــانی سروشت و ئەو لایەنانە تەواو دەکات کە سروشـــت خـــۆی نەیتوانیـــوە تەواویان بکات"**

**لە کتێبی "ڕامیاری"ی ئەریستۆوە**

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە پەیوەندیی فیکری لەنێوان ئەریستۆ و ئەفلاتوونی مامۆستایدا توند و پتەو بووە و کـاریگەریی زۆربەی نووسـینەکانی ئەفلاتـوون بەســـەر ئەریـــستۆوە دیـــارە، بەڵام ئەو ئەنجامـــانەی ئەریـــستۆ پێیـــان گەیـــشت لەگەڵ ئەنجامەکـــانی مامۆستاکەیدا جیاوازن.

ئەریـستۆیش لەو خـاڵەوە دەسـت پـێ دەکـات کە مامۆستاکەی لێوەی دەستی پێ کردبوو؛ ئەویش ئەوەیە کە هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە؛ بەڵام ئەریستۆ لە ئەنجامدا دژ بە ئەفلاتوون دەوەستێتەوە.

بەر لەوەی باسی خاڵی لێک جودابوونەوەی قوتابی و مامۆستاکەی بکەین، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە چەمکی لاساییکردنەوە لای ئەریستۆ جیاوازە لە هەمان چەمک لای مامۆستاکەی [ئەریستۆ سنووری زاراوەکەی دیاری کرد؛ لە کاتێکدا لاساییکردنەوە لای ئەفلاتوون زاراوەیەکی گشتگیر بوو و هەموو جۆرەکانی ئافراندنی عەقڵی فەلسەفی و هونەریی دەگرتەوە؛ ئەریستۆ لاساییکردنەوەی تایبەت کرد بە هونەرە جوانەکان تا لە هونەرەکانی تری جیا بکاتەوە]. (فلسفة الجمال من افلاطون الى سارتر، ص٥٩).

لای ئەریستۆ هونەر بریتی نییە لە لاساییکردنەوەیەکی فۆتۆگرافیانەی ئەو شتەی لاسایی دەکاتەوە و هونەرمەند لاسایی ڕواڵەتی دەرەوەی سروشت ناکاتەوە؛ بەڵکو هەندێ جار دەگاتە خولقاندنی "نموونە باڵاکان"، کەواتە لای ئەریستۆ هونەر لاساییکردنەوەی لاساییکردنەوە نییە و [ڕەنگدانەوەی سروشت نییە، هەروەکو چۆن شتێک لە ئاوێنەیەکدا ڕەنگ دەداتەوە، گەر وا بوایە ئەوا شاعیر لە شیعرەکەیدا نەرێنی دەبوو؛ ئەمەیش شتێکە بە بیری ئەریستۆدا نەهاتووە؛ لەبەر ئەوەی لاساییکردنەوە وەسفی واقیع نییە؛ بەڵکو وەسفی ئەوەیە کە ڕەنگە ڕوو بدات]. (النقد الادبي الحديث، ص١٥١).

## ڕیشەی لاساییکردنەوە

ئایا سەرچاوەی شیعر چییە و هۆی هاتنەکایەوەی چییە و مرۆڤ بۆچی حەز بە لاساییکردنەوە دەکات؟

ئەریستۆ سەرچاوەی شیعر بۆ دوو هۆی سروشتی دەگەڕێنێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە لاساییکردنەوە غەریزەیەکی سروشتییە لە مرۆڤدا و هەر لە منداڵییەوە تیایدا سەرهەڵئەدات و کاتێک مرۆڤ لاسایی شتێک دەکاتەوە، چێژ دەبینێت و هەروەها بە هۆی لاساییکردنەوەوە مرۆڤ فێری شتی نوێ دەبێت، [فێربوونیش چێژبەخشە، نەک بە تەنها لای فەیلەسووفەکان، لای گشت خەڵکیش]. (فن الشعر، ص١٢) هەروەها دووەم هۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی حەز لە تەبایی ئاواز (میلۆدی) و ئیقاع دەکات.

لە سەرەتادا وتمان کە شیعر لای ئەریستۆ لاساییکردنەوەی فرمانی مرۆڤە، هەر بۆیەشە دەبینین

بـــایەخ بە شـــیعری لیریكـــی نـــادات و وای دەبینێـــت كە وەســـفی دیمەنـــی سروشـــتی و وەســـفی گۆرانیئـــامێز (لیریكی)یانەی دەروونـی مرۆڤ وەكو بـابەت بەكەڵكی ئەو لاسـاییكردنەوەیە نـایەن كە شـیعر ئەنجـامی دەدات، [پاشـان هەر قسەیەک كە كێش (وزن) و سەروا (قافیە)ی هەبێـت، شـیعر نیـیە. ڕەنـگە هەبێـت هەر بە پەخـشانیش بنووســێت بەڵام شــاعیرە. هەیــشە بە قــسەی هــۆنراوە (منظوم) دەنووسێت، بەڵام شاعیر نییە. ڕاستییەكەی كە یەكێک تیۆرییەک لە پزیشكیدا، یان سروشتدا دادەهێنێت بە شــاعیر لەقەڵەم دەدرێ؛ بەڵام دەبینـین هـیچ خــاڵێكی یەكگـرتنەوە لەنێـوان هـۆمیرۆس و ئەنبادۆكلیـسدا نیـیە، تەنهـــا لە ڕووی كێـــشەوە نەبێـــت، بـــۆیە وا چـــاكترە یەكەمیان (هۆمیرۆس) بە شاعیر ناو ببەین و ئەوی دی بە سروشتناس نەک شاعیر]. (فن الشعر ص٦).

هەروەهـا زانیمـان كە هونەرەكـان تێكـڕا لە خاڵێكـدا یەک دەگـرنەوە ئەویـش لاسـاییكردنەوەیە؛ بەڵام لە سـێ ڕووەوە لە یەكدی جودا دەبنەوە:

١ - ئامڕازی (وەسیلە)ی لاساییكردنەوەكە.

٢ - بابەتی لاساییكردنەوەكە.

٣ - شێوازی لاساییكردنەوە.

**١ - ئامڕازی لاساییکردنەوە:**

بۆ نموونە دەبینین [نیگارکێش بە هۆی ڕەنگ و شێوەوە لاسایی دەکاتەوە و ئەکتەر بە هۆی دەنگەوە و مۆسیقار بە هۆی ئیقاع و هارمۆنییەوە]. (النقد المسرحي، ص١١٢).

**٢ - بابەتی لاساییکردنەوە:**

[لەبەر ئەوەی لاساییکەرەوان لاسایی فرمان دەکەنەوە، خاوەنی ئەم فرمانانەیش یان چاکن و یان بەدن]. (فن الشعر، ص١) کەواتە فرمانەکەیش یان چاکە یان بەدە، لاساییکەرەوەش دەتوانێت بەدەکان لەوە بەدتر پیشان بدات کە هەن و چاکەکانیش لەوە چاکتر پیشان بدات کە هەن، کەواتە [هەر ئەمەیشە کە تراجیدیا لە کۆمیدیا جیادەکاتەوە: کۆمیدیا خەڵکی بە نزم پیشان دەدات و تراجیدیاش بالاتر لەوەی کە لە واقیعدا هەن]. (فن الشعر، ص٩)

**٣ - شێوازی لاساییکردنەوە:**

لە لاساییکردنەوەدا پیشاندانی درامایی (شانۆیی) و پیشاندانی چیرۆکئامێزانە هەیە، یەکێکی وەکو (هۆمیرۆس) و (سۆفۆکلیس) دەتوانن هەردووکیان بابەتێک هەڵبژێرن و بە هۆی وشەوە لاسایی بکەنەوە، واتە لێرەدا لە ڕووی ئامڕاز و بابەتەوە چوونیەکن؛

بەڵام لە ڕووی شـــێوازەوە جیـــاوازن. هـــۆمیرۆس بە شـێوازی چیرۆکئـامێزانە بـابەتەکە لاسـایی دەکـاتەوە، بەڵام سـۆفۆکلیس دراماییـانە لاسـایی دەکـاتەوە، یـان دەبینـین سـۆفۆکلیس و ئەریـستۆفانیس لە شـێواز (کە پیـشاندانی دراماییـانەیە) و ئـامرازدا (کە وشـەیە) یەک دەگرنەوە؛ بەڵام لە بابەتدا لە یەکدی جودا دەبنەوە.

هەروەهـــا ئەریـــستۆ دوو جـــۆر لاســـاییکردنەوە دەستنیـــشان دەکـــات: لاســـاییکردنەوەی تەواو و لاسـاییکردنەوەی نـاتەواو، کە ئەمەیـش دەگەڕێتەوە بـۆ چـۆنێتیی لاسـاییکردنەوەکە لای شـاعیرەکان، چـونکە [شـاعیرەکان -وەکـو گـشت هونەرمەنـدان- لە پـلەی لاساییکردنەوەدا لێک جیاوازن، هەندێکیان دەگەنە پلەی تەواو لە لاساییکردنەوەدا و هەندێکی تریان نـاگەنە ئەو پـلەیە، بـۆیە شـتێکی ئاسـاییە کە پـلەی لاسـاییکردنەوە بەنیـــسبەت شـــیعرەوە جیـــاواز بێـــت. لە درامـــادا لاســـــــاییکردنەوەی تەواو هەیە و لە داســـــــتاندا لاسـاییکردنەوەی نـاتەواو]. (النقد المسرحي، ص١١٣) و لە هەمـوو ڕەگەزەکـانی شیعریـشدا پێویـستە شـاعیر بابەتی (مەوزوعی) بێت و [تا بتوانێت هەوڵ بدات خۆی نەدوێـت؛ چـونکە گەر وا نەکـات ئەوا لاســاییکەرەوە نابێت]. (النقد الادبي الحديث، ص٥٥).

## جۆرەکانی شیعر لای ئەریستۆ

### ١ - تراجیدیا Tragedy:

تراجیــدیا کە جــۆرێکە لە جۆرەکــانی شــیعر، لای ئەریستۆ بووەتە تەوەری کتێبی "شیعر" و هێندەی لەم کتێــبەدا لەمەڕ تراجیــدیا و ڕەگەزە پێکهێنەرەکــانیەوە دواوە؛ هێندە سەبارەت بە داستان و کۆمێدیا نەدواوە و بگــرە شــتێکی ئەوتــۆی دەربــارەی کۆمێــدیا نەوتــووە. گەرچــی دەگــوترێ کە ئەو بەشــەی تــایبەت بــووە بە کۆمێدیا لە کتێبی (شیعر)دا ون بووە و نەماوە، هەروەها کاتێک باسی داستانیش دەکات، وا پێدەچێت تەنها لە پێنــاوی بەراوردکردنــی لەگەڵ تراجیــدیادا ئەوەشــی کردبێــت. بە هەرحــاڵ چەمکــی ئەریــستۆ و ڕاکــانی سەبارەت بە تراجیدیا ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی فیکر و ڕەخــنەی درامایيــدا دیــوە و کــاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕێبازە ڕەخنەیی و شانۆییەکان هەبووە.

***پێناسەکردنی تراجیدیا**

ئەریستۆ لە پێناسەکردنی تراجیدیادا دەڵێت:

[تراجیدیا لاساییکردنەوەی فرمانێکی بەرز و بالای تەواوە، درێژییەکی گونجاوی هەیە، بە هۆی زمانێکی بەجۆرەها ڕازێنەرەوە، ڕازاوەتەوە، کە بەپێی بەشەکانی لە یەکدی جیاوازن. ئەم لاساییکردنەوەیەش بە هۆی کەسانێکەوە دەبێت کە فرمانەکە بەجێ بێنن، نەک بە هۆی گێڕانەوەوە و بەزەیی و ترس دەبزوێنێت و ئەمیش دەبێتە هۆی پاکژکردنەوە لەو هەڵچوونانە]. (فن الشعر، ص١٨)

کەواتە تەوەری تراجیدیا فرمانێکی بەرز و بالای تەواوە (کە پاشان دێینە سەر باسکردنی)، هەروەها شێوازی لاساییکردنەوە لە تراجیدیادا شێوازی درامایییە، بۆیە دەبێ کەسانێک ئەو فرمانە ئەنجام بدەن؛ نەک وەکو داستان چیرۆکئامێزانە بگێڕرێتەوە.

**توخمە پێکهێنەرەکانی تراجیدیا**

ئەو توخمانەی تراجیدیایان لێ پێک دێ بریتین لە چیرۆک، یان حیکایەت (الحكاية) و ئاکار (الاخلاق) و بیر، یان فیکر، کە ئەم توخمانە سەرەکین لە پێکهێنانی بونیادی تراجیدیادا، هەروەها توخمە لاوەکییەکانیش بریتین لە زمان و دیمەن و سروود (یان گۆرانی).

**یەکەم: چیرۆک**

[چیرۆک بنچینە و گیانی تراجیدیایە] و گرنگترین توخمە لە ڕووی پێکهێنانەوە [لەبەر ئەوەی تراجیدیا لاسایی خەڵک ناکاتەوە؛ بەڵکو لاسایی فرمان و ژیان و کامەرانی و بەدبەختی دەکاتەوە، کامەرانی و بەدبەختییش ئەنجامی فرمانن. مەبەستی ژیانیش چۆنێتیی کارە، نەک چۆنێتیی بوون. خەڵکیش هەرچۆنێک دەبینرێن وەکو ئاکار دەناسرێن، بەڵام بە هۆی فرمانەکانیانەوەیە کە کامەران یان بەدبەخت دەبن. کەواتە کەسەکان فرمان ئەنجام نادەن تا لاسایی ئاکار بکەنەوە، بەڵکو لە ئەنجامی فرمانەکانیانەوەیە کە بە فڵانە ئاکار دەناسرێن؛ بۆیە مەبەست لە تراجیدیادا فرمان و چیرۆکە، گرنگترین بەشیش لە هەر شتێکدا مەبەستە]. (فن الشعر، ص٢٠).

هەروەها ئەریستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تراجیدیا بەبێ چیرۆک نایەتە دی؛ بەڵام دەشێ بێ ئاکار (واتە کێشانی کارەکتەر) بێتە دی؛ لەبەر ئەوەی چیرۆک بریتییە لەو فرمانەنەی لە تەوەری بابەتێک دەخولێنەوە؛ [خاوەن فرمانەکانیش یان چاکن و یان بەدن]. (فن الشعر، ص٧، ٨).

کەواتە چیـــرۆک دوو تـــوخمی جەوهەریـــی تـــری تراجیدیا دەگرێتە خۆی، کە ئاکار و فیکرن و گرنگییان لە تراجیدیادا دوای گرنگیی چیرۆک دێت.

هەروەهـا ئەریـستۆ پـێ لەسـەر ئەوە دادەگرێـت کە لێهاتوویی و پیتۆڵیی شاعیر لە پێکهێنان و ڕێکخستنی فرمانەکاندایە، بۆیە لەمەوە دێینە سەر مەسەلەیەکی زۆر گرنـگ، نەک تەنهـا لە شـیعردا بە مەفهـومی ئەریـستۆ؛ بەڵکـو لە هەمـوو کـارێکی هـونەریی تریـشدا، کە تـاکو ئێستایش ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری پێ لە پێویستیی بـــوونی دادەگـــرێ، ئەویـــش یەکەی (بـــابەت)ە کە لای ئەریستۆ بە یەکەی فرمان هاتووە.

## یەکەی بابەت (فرمان) لە تراجیدیادا:

لە پێناســەکردنی تراجیــدیادا وتمــان کە تراجیــدیا لاســـاییکردنەوەی فرمـــانێکی بەرز و بـــاڵای تەواوە و درێژییەکی دیاریکراوی هەیە. با بزانین فرمـانی تەواو لای ئەریستۆ چی دەگەیەنێت.

[فرمـانی تەواو ئەوەیە کە سـەرەتا و ناوەڕاسـت و کۆتـــایی هەیە]، (فـــن الـــشعر، ص٢٣) هەر کـــارێکی درامـاییش بگـرین لەم سـەرەتا و ناوەڕاسـت و کۆتـاییە خاڵی نییە و بە جۆرێک دەتوانین بڵێین، گەر هەبوو ئەوا

دراما پێک دێت، گەر نەبوو ئەوا پێک نایەت. یەکەی بابەت شتێکە سروشتی کارەکە خۆی دەیسەپێنێت و هەر نارێکی و کەموکوورییەک لەو یەکەیەدا لە ئاستی کارە هونەرییەکە دەهێنێتە خوارەوە، بۆیە دەبێ بەشەکانی ئەو بابەتە مەنتیقییانە پێکەوە لکێنرابن و پەیوەستیی نێوانیان توندوتۆڵ بێت و [فرمانەکە یەک کاری تەواو بێت و بەشەکان بە جۆرێک بن؛ ئەگەر بەشێک گوێزرایەوە، یان لابرا، "گشت"ەکە لە یەکدی دەترازێ و هەرەس دێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەشێک زیاد بکرێ، یان لاببرێ، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت؛ ئەوا ئەو "بەشە" بەشێک نییە لە "گشت"ەکە]. (فن الشعر، ص٢٦) هەر ئەو هاوپەیوەستی و یەکەیەشە "جوانی" بە کارەکە دەبەخشێت، [یەکەی بابەت لە یەکەی گیانەوەر دەچێت، لەبەر ئەوەی گەر ئەندامێک بۆ ئەندامەکانی زیاد بکرێ، یان ببڕدرێتەوە، یان بگۆڕێ، ئەوا جوانیی گیانەوەرەکە دەشێوێت، بگرە ئەو گۆڕینە ناهێڵێت گیانەوەرەکە لە ژیاندا ڕۆڵی سروشتیی خۆی بگێڕێت]. (النقد المسرحي، ص١٢٣)

کەواتە کاری هونەری دەبێ سیستم و ڕێکوپێکی و سنووری تایبەتی خۆی هەبێت و لەو سنوورە دەرنەچێت. [سیستم و سنووردانانیش دوو یاسای

بنچینەیین لە فەلسەفەی جوانیدا لای ئەریستۆ]. (النقد المسرحي، ص١٢٠) هونەرمەندیش لە کارە هونەرییەکەیدا سەرکەوتوو نابێت تا نەزانێت چۆن سەرەتا دەست پێ دەکات و چۆنیش کۆتایی پێ دەهێنێت.

پێش سەرەتا هیچ شتێک نییە، واتە [سەرەتا خۆی لەخۆیدا و بە شێوەیەکی سروشتی دوای شتێکی تر نایەت، بەڵام بەدوایدا شتێکی تر دێت. کۆتاییش بە پێچەوانەی ئەمەوە، خۆی لەخۆیدا و بە شێوەیەکی سروشتی دوای شتێکی تر دێت، بەڵام بەدوایدا هیچ نایەت، ناوەڕاستیش خۆی لەخۆیدا بەدوای شتێکدا دێت و شتێکی تریشی بەدوادا دێت]. (فن الشعر ص١٢٣).

سەرەتا قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ڕووداوە دراماییە سەرەکییەکە. درامانووس ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی و وەکو داستاننووس لە هەر خاڵێکەوە بیەوێت دەست پێ بکات، بەڵکو دەبێ لەو خاڵەوە کە نە دەکرێ لە پێشەوەی دەست پێ بکات و نە لە دواوەی. بۆیە درامانووس لە ترۆپکی قەیران (ازمة)وە دەست پێ دەکات.

هەروەکو دەبینین، سەرەتا لە شانۆنامەی (ئۆدیپ بە پاشایی)ی سۆفۆکلیسدا کاتێکە کە ئۆدیپ تاوانی

کوشتنی لایۆس و هێنانی جۆکاستا و منداڵخستنەوەی ئەنجام داوە و تاعوون شاری تیبەی گرتووەتەوە. جا ئەگەر سۆفۆکلیس بهاتبا و چیرۆکئامێزانە ئەم بابەتەی بنووسیبا، ئەوا لە سەرەتادا باسی پێشبینییەکەی (تیریزیاس)ی دەکرد، کە چۆن بە (لایۆس) دەڵێت منداڵێکی دەبێت و کە گەورە بوو دەیکوژێت و دایکی خۆی دەهێنێت و هتد... [کەواتە سەرەتای درامایی (سەرەتای شانۆنامە) قۆناغێکی حەتمییە... ئێمە ئێستا لە ڕەخنەی نوێدا پێی دەڵێین "هەڵوێست" یان ئەو کۆمەڵە بارودۆخەی بە حەتمی دەبێ ببێتە هۆی ڕوودانی شتێکی دیاریکراو و ناشتوانین پێش ئەوە دەست پێ بکەین، بۆیە ئەوەی نەتوانێت سەرەتا دەست پێ بکات، ناشتوانێت کۆتایی دابنێت]. (نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، د. رشاد رشدي، مكتبة الانجلو المصرية ١٩٧٧). ئەریستۆ ئەوەش دەستنیشان دەکات کە یەکەی فرمان پەیوەست نییە بە تەنها کەسێک (پاڵەوانێک)ەوە، چونکە ژیانی تاقە کەسێک چەندەها ڕووداوی تیایە، کە یەکەیەک پێک ناهێنن. ئەو نووسەر و شاعیرانەی دەرک بەم ڕاستییەش ناکەن و دەڵێن گوایە مادام پاڵەوانی چیرۆکەکە تاقە کەسێکە، کەواتە دەکرێ هەموو ئەو شتانەی ڕوو دەدەن بەیەکەوە بلکێنرێن، ئەوا بەهەڵەدا

چــوون، بەڵام بــۆ نمــوونە دەبینــین یەکێکــی وەکــو هۆمیرۆســی بلــیمەت پەی بەم ڕاســتییە بــردووە و لە ئۆدیسە و ئیلیادەدا چی ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی پاڵەوانەکان هەیە، نایانگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو ڕووداوانە هەڵدەبژێرێت کە هاتنیان بەدوای یەکدا شتێکی مەنتیقی و پێویستە و بەمەش یەکەی فرمانەکە دێتە دی. کەواتە ئەریستۆ لێرەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێتەوە کە لە سەرەتادا خستمانە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە هونەر ڕەنگدانەوەیەکی میکانیکییانەی واقیع نییە. ڕووداوەکانی نێو ژیان ناتەبایی و ئاشووب بەسەریاندا زاڵە، بەڵام هونەرمەند لە کردەی داهێناندا دێت و بە خەیاڵە داهێنەرەکەی ئەو ڕووداوانە هەڵدەبژێرێت کە دەتوانێ بە پێکەوەبەستنەوەیان یەکەیەکی ئۆرگانییان لێ دروست بکات، یەکەیەکی هونەری کە قابیلی دابەشبوون نییە. کەواتە [ئەریستۆ هونەر بە دەربڕینێکی میکانیکییانەی واقیع تێنەگەیشتووە، بەڵکو بە دەربڕینێکی داهێنەرانەی ئەو واقیعە] (موجز تاریخ النظریات الجمالیة، ص٢٦).

بۆیە دەبێ تراجیدیا بە دەوری فرمانێکدا بسووڕێتەوە، گەرچی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نابێ فرمانی لاوەکیی تیابێت، بەڵام بە مەرجێک ئەو فرمانە

لاوەکییانە زیان بە فرمانە سەرەکییەکە نەگەیەنن و بگرە دەبیَ لەخزمەتیشیدا بن.

بەلاّم ئەم فرمـــانەش هەروەکـــو لە پیَناســـەکردنی تراجیدیادا هاتووە، دەبیَ دریَژییەکی گونجاوی هەبیَت، چـونکە یەکەم جـوانیی کـارە هـونەرییەکە دەپاریَزیـَت هەروەکـو لە کتیَبـی "میتافیزیـک"دا دەلیَـت [گرنگتـرین پیَوەری جوانی ڕیَکی و گونجاوی و ڕوونییە]. (ە.س.پ. ل٢٣) پاشـانیش لە کتیَبـی "هـونەری شـیعر"دا تراجیـدیا لەگەلّ زینـدەوەردا بەراورد دەکـات و دەلیَت [زینـدەوەر گەر زۆر بچـووک بیَـت جـوان نیـیە، چـونکە بە ڕوونـی دەرکـی پـیَ نـاکەین و لە مـاوەیەکی کەمـدا نـاتوانین بەشەکانی جیا بکەینەوە. هەروەها ئەگەر زۆریش دریَژ بیَت، بۆ نموونە دەیـان هەزار - پیَ - بیَت، بە هەمـان شــیَوە، چـــونکە لە ســـنووری تەماشــاکردن دەچیَــتە دەرەوە]. (فـن الـشعر، ص٢٤) هەر بەو جـۆرە فرمــان دەبیَ دریَژییەکی گونجاوی هەبیَت، تـاکو ویَڕای ئەوەی کە جـوانیی کـارە هـونەرییەکە دەپاریَزیَت، زوو دیَـتەوە یــاد و [ڕیَــگە بە زنجیــرەی ڕووداوەکــانیش دەدات بە گویَرەی شیَمانە (ئیحتیمال) و پیَداویستی بەدوای یەکدا بیَن، تا پالّەوانەکە لە بەدبەختییەوە بۆ بەختەوەری و لە

بەختەوەرییەوە بۆ بەدبەختی بگوێزنەوە]. (فن الشعر، ص٢٤).

ڕوونکـــردنەوەی چەمکـــی شـــێمانە (ئیحتیمـــال) و پێداویستی (زەرورەت) بۆ جیاوازیی نێوان مێژوو و شیعر ڕاماندەکێشێت.

لە پاری نۆیەمی کتێبی "هونەری شیعر"دا ئەریستۆ دەڵێت، ئەرکی ڕاستەقینەی شاعیر لەوەدا نییە لاسایی ئەو شـــتانە بکـــاتەوە کە لە ڕاســـتیدا و لە ڕابـــردوودا ڕوویان داوە، چونکە ئەمە ئەرکی مێژوونووســـە، نەک شـــاعیر. ڕابـــردووش بـــابەتی مێـــژووە، نەک شـــیعری درامایی. چیرۆک دەبێ ئەو شتانەمان بۆ بخاتە ڕوو کە بەپێـــی شـــێمانە و پێداویـــستی ڕوو دەدەن. لە کاتێکـــدا مێژوو دەربارەی تایبەت (الخاص) دەدوێت، ئەوا شیعر بـــایەخ بە گـــشت (العـــام) دەدات. هەر بـــۆیە بە لای ئەریستۆوە [شیعر پتر گیانی فەلسەفەی تیایە و لە مێژووش باڵاترە]. (فن الشعر، ص٢٦)

شـــاعیر بـــۆی هەیە بـــابەتەکەی لە ڕابـــردووەوە وەربگرێت، بەڵام نەک چۆن ڕووی داوە هەر بەو جۆرە دایبڕێژێتەوە، بەڵکو دەبێ بیخاتە چەمەری شێمانەوە. [شێمانە (ئیحتیمال)یش ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتدا ڕوو دەدات. پێداویستی (زەرورەت)یش ئەوەیە کە شتێکی تر

ناتوانێ جێی بگرێتەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بە تەنها لە پلەدا نەبێت. ئەریستۆش یەکەم کەس نەبووە سەبارەت بە شێمانە بدوێت، بەڵکو وتاربێژەکانی سقلیە پێش ئەو کەوتوون کاتێک باسیان لە تیۆریی شێمانە کردووە لە وتاربێژیدا. ئەفلاتوونیش کە باسی لە وتاربێژی کردووە، هەمان تیۆریی دووپات کردووەتەوە]. (النقد المسرحي، ص٢٥) هەروەها پێویستە شاعیر لە ڕووداوی مەحاڵ (ئەستەم) دووربکەوێتەوە، یەکەم لەبەر توانای هونەریی شاعیرەکە و دووەمیش لەبەر بڕواپێکردنی بینەران. خۆ ئەگەر شاعیر توانیی لەڕێی ڕێکخستنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەوە ڕواڵەتێکی وا بدات بە ڕووداوێکی مەحاڵ کە جێی باوەڕ بێت، ئەوا مافی خۆیەتی. سەبارەت بە بینەرانیش، شاعیر کاتێک ڕووداوێکی مەحاڵ هەڵدەبژێرێت، دەبێ بایەخ بە بینەران بدات و ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە ئایا ئەو ڕووداوە مەحاڵە جێی باوەڕ دەبێت لایان، یان نا؟ پەرجوو (موعجیزە)ی خواوەندەکان و ئەفسانەکان خۆیان لە خۆیاندا شتێکی مەحاڵن، بەڵام لەبەر ئەوەی [بەپێی بیروباوەڕی باو]. (فن الشعر، ص٧٣) یۆنانییەکان بڕوایان پێی هەبووە، کەواتە نووسەر بۆی هەبووە لەو ئەفسانە و

پەرجـــوانەوە ڕووداوی مەحـــاڵ بـــۆ شـــانۆنامەکەی هەڵبژێرێت.

[چیرۆکـەکـانیش هـەندێکیان سـاکارن و ئـەوانـی دی ئـاڵۆزن، لـەبـەر ئـەوەی ئـەو فرمانانـەی چیرۆکـەکـان لاسـاییان دەکـەنـەوە بـەو جـۆرەن. دەشـڵێم فرمـان "ساکار"ە ئەگەر توندوتۆڵ و یەکەیەک بوو، بەو مانایەی لەپێشدا دیاریمان کرد و گۆڕانی چارەنووسەکەش بەبێ "گۆڕان" و "ناسینەوە" بووبێت. فرمان "ئاڵۆز"ی دەبێت گـەر گۆڕانی چـارەنووسـەکـە بـە هـۆی ناسـینەوە، یـان وەرگەڕان، یان هـەردووکیانـەوە بـوو. ئـەم (ناسـینەوە و وەرگـەڕان)ەش دەبـێ زادەی چیـرۆکەکـە خـۆی بـن، بە مـەرجێ بـە شـێوەیـەکی پێداویستی، یان شـێمانەیی لـە ڕووداوەکانی پێشیانەوە هەڵقوڵابن]. (فن الشعر، ص٣٠-٣١)

وەرگەڕان و ناسینەوەش دوو بەشن لـە پێنج بەشـە پێکهێنەرەکەی چیرۆک، کە بریتین لە:

١.وەرگـەڕان، ٢.ناسـینەوە، ٣.گـرێ، ٤.چـارەسـەر، ٥.ئازار ئەنگێز (داعية الالم – پاثوس).

### ١- وەرگەڕان:

"وەرگەڕان وەرچەرخانی فرمانە بۆ دژەکەی". (فن الشعر، ص٣٠، ٣١) واتە لە شادییەوە بۆ بەدبەختی، یان لە بەدبەختییەوە بۆ شادی، ئەمەش وەکو وتمان دەبێ زادەی ڕەوتی ڕووداوەکانی پێشوو بێت بەپێی شێمانە و پێداویستی. لە شانۆنامەی (ئۆدیپ بە پاشایی)دا پەیامبەرەکە دێت و بەنیازی ئەوەیە دڵی ئۆدیپ خۆش بکات و گرێ لە دڵی دەربکات و دڵنیای بکات کە شاژنی "کورنثوس" دایکی نییە، بەڵام کاتێ ئەم ڕاستییە دەخاتە ڕوو، پێچەوانەی چاوەڕوانکراو ڕوو دەدات، یان کاتێ کلیتمنسترا ئۆریستی کوڕی دەناسێتەوە، لە بەختەوەرییەوە دەکەوێتە بەدبەختی و مەرگەوە، بەڵام ئەلیکترا بە پێچەوانەوە، کاتێ براکەی دەناسێتەوە، لە بەدبەختییەوە دەچێتە بەختەوەرییەوە. دەبێ ئەوەیش لە یاد نەکەین کە [وەرگەڕانی فرمان ڕەوتی گشت ڕووداوەکانی نێو شانۆنامەکە دەگرێتەوە، نەک تەنها باری کەسێک (کارەکتەرێک]. (فن الشعر، ص٣٠)

[هەروەها بە لای ئەریستۆوە مەرج نییە تراجیدیا وەرگەڕانی تیا ڕوو بدات، بەڵام سوودمەندترە بۆ گەیشتن بە کاریگەریی تراجیدی]. (الماساة، ص١٢٠).

## ٢- ناسینەوە:

ناسـینەوە هـەر وەکـو بـە نـاوەکـەیـدا دەردەکـەوێ، گۆڕانە لە نەزانینەوە بۆ زانین کە ئەمیش دەبێتە هۆی گـۆڕان لـە ڕق (دوژمنایـەتـی)یەوە بـۆ خۆشـەویـستی (هاوڕێیەتی)، یان بە پێچەوانەوە لای ئەو کارەکتەرانەی بەختـەوەری و بـەدبـەختییـان لـە چارە نووسـراوە، بۆ نموونە یەکێک دەیەوێ یەکێکی تر بکوژێت، بەڵام کاتێ بە جۆرێک (لـە جۆرەکانی ناسینەوە) دەیناسێتەوە کـە یەکێکی نزیکێتی، ئەمە دەبێتە گۆڕانی دوژمنایەتییەکە بۆ هاوڕێیـەتـی و ڕقـەکـە بـە خۆشـەویـستی دەگۆڕێـت. جـوانترین جـۆری ناسـینەوەش ئـەو ناسـینەوەیـەیـە کـە لەگەڵ وەرگەڕاندا ڕوو دەدات، هەروەکو لـە شـانۆنامەی "ئۆدیـپ"دا هـەیـە، کـاتێ ئۆدیـپ بـۆی دەردەکـەوێ کـە بکوژی لایۆس خۆیەتی و جۆکاستای ژنـی دایکـی بـووە "ئەمە ناسینەوەکەیە"، لە هەمان کاتدا بـەختـەوەرییـەکـەی بۆ بەدبەختی دەگۆڕێت (وەرگەڕان).

## جۆرەکانی ناسینەوە:

ئـەریـستۆ لـە پـاری شـانزدەیـەمـی کتێبـی "شـیعر"دا جۆرەکانی ناسینەوە بەم شێوەیە پۆلێن دەکات:

١- ئـەو ناسـینەوەیـەی لـە ڕێگـەی شـتێکی دەرەوەی بابەتی شانۆنامەکە دەبێت، وەکو نیشانەی لـەش (پـەڵـە،

برین، خاڵ). ئەم ناسینەوەیە لای ئەریستۆ لە ڕووی هونەرییەوە پەسەند نییە.

٢- ئەو ناسینەوەیەی شاعیر سازی دەکات و بەزۆر کارەکتەرەکە دەناسێنێت. ئەم جۆرەش پەسەند نییە، چونکە ئەوەی شاعیر دەیەوێ بیڵێت، بەزۆر بەسەر کارەکتەرەکەیدا دەسەپێنێت.

٣- ناسینەوە لەڕێی (یاد)ەوە: بۆ نموونە یەکێک گوێی لە یەکێکی ترە، کە هەندێ بیرەوەریی خۆی دەگێڕێتەوە، بیرەوەرییەکان دەبنە هۆی ناسینەوە. ئەم جۆرە ناسینەوەیە لای ئەریستۆ پەسەندە.

٤- لەڕێی (پێوان) یان (بەراورد) یان (بیرکردنەوەی مەنتیقی)یەوە هەر وەکو لە شانۆنامەی (ئافرەتە قوربانی هەڵگرەکان)ی ئەسخیلیۆسدا هەیە، کاتێک ئەلیکترا دەڵێ پیاوێک هاتووە لە من دەچێت، جگە لە ئۆریستیش کەس لە من ناچێت، کەواتە ئەوەی هاتووە ئۆریستە. ئەم جۆری ناسینەوەیە لای ئەریستۆ زۆر پەسەندە، چونکە گیانی (مەنتیق)ی تێدایە.

٥- جۆرێک ناسینەوە هەیە کە پابەندە بە هەڵەی بەڵگەهێنانەوەی بینەرانەوە، بۆ نموونە لە شانۆنامەی [ئۆدوسوس، پەیامنێرە درۆزنەکە] تەنها ئۆدوسوس

دەتوانێ کەوانەکە بهێنێتەوە یەک، بەڵام کاتێک کابرایەکی نامۆ دێت و کەوانەکە دەهێنێتەوە یەک، ئەوە بەڵگەیەکی تەواو نییە کە کابرا ئۆدوسوسە، ئەم ناسینەوەیەش پەسەند نییە.

٦- باشترین جۆری ناسینەوە ئەوەیە کە زادەی ڕووداوەکانە بەپێی شێمانە و پێداویستی، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ناسینەوەیە شاعیر لە فێڵ و تەڵەکەی دروستکراو و نیشانەی دەرەکی دووردەخاتەوە. دوای ئەمیش لە ڕووی پەسەندبوونەوە ئەو جۆرە ناسینەوانە دێن کە لەسەر (بەراورد) بەندن.

[٣، ٤] گرێ و چارەسەر:

[لە هەموو تراجیدیایەکدا بەشێک هەیە پێی دەگوترێ "گرێ" و بەشێکی دیش هەیە کە "چارەسەر"ە]. (فن الشعر، ص٥٠)

گرێ یان پێش شانۆنامەکە و هەندێ جاریش لەگەڵ دەستپێکردنی شانۆنامەکەدا دەست پێ دەکات. بە لای ئەریستۆوە گرێ بریتییە لەو بەشەی کە دەکەوێتە سەرەتای تراجیدیاکە تا ئەو ساتەی "وەرگەڕان" ڕوو دەدات.

چارەسەریش ئەو بەشەیە کە دەکەوێتە نێوان ساتی وەرگەڕان و کۆتایی تراجیدیایەکە. پێویستە شاعیریش بایەخێکی تەواو و چوونیەک بە گرێ و چارەسەر بدات و شاعیری لێهاتوو ئەو شاعیرەیە کە چارەسەی تەواو بۆ گرێکەی ساز دەکات، چونکە [زۆر لە شاعیران گرێی چاکساز دەکەن، بەڵام چارەسەرەکەیان خراپە]. (فن الشعر، ص٥٢)

## ئازارئەنگێز [pathos]:

ڕووداوی ئازارئەنگێز ئەو فرمانەیە کە دەبێتە هۆی مردن یا ئازار، واتە کارەسات یا کۆست وەکو کوشتنی پاڵەوانان و ئازاردان و زامدارکردن و نەخۆشی و مردنی هاوڕێ و هتد... ئازارئەنگێز پەیوەندیی بە هەڵەی تراجیدی [هامارتیا]وە هەیە، کە پاشان لێی دەدوێین.

پاش ئەوەی بەشە پێکهێنەرەکانی چیرۆکمان دیاری کرد، ئێستا دێینە سەر بەشەکانی تراجیدیا:

١- پرۆلۆگ: بەشێکی تەواوە لە تراجیدیا و سەرۆکی کۆرس تیایدا بابەت و کارەکتەرانی سەرەکی دەناسێنێت.

٢- ئەپیزۆد: بەشێکی تەواوە لە تراجیدیا و بریتییە لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان لەسەر شانۆ و دوان سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەرەتای شانۆنامەکە.

٣- ئەکزۆد: دوابەشی تراجیدیایە و گۆرانیی کۆرسی بەدوودا نایەت.

٤- گۆرانییەکانی کۆرس:

آ – پاردۆ: یەکەم گۆرانیی کۆرسە لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەگوترێ.

ب – ئەستازیمون: گۆرانییەکە شیعری نابستیکی و تروخائیکی [کە دوو جۆر شیعری یۆنانی و لاتینین] تیا نییە.

ج – کۆمۆس: ئەم گۆرانییە ئەکتەران و کۆرس پێکەوە دەیڵێن.

## جۆرەکانی تراجیدیا لای ئەریستۆ:

### ١- تراجیدیای ئاڵۆز:

ئەو جۆرەیە کە چیرۆکی ئاڵۆز بنچینەکەیەتی و "وەرگەڕان" و "ناسینەوە" ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینن.

### ٢- تراجیدیای ساکار:

بریتییە لەو جۆرەی تراجیدیا، کە چیرۆکی ساکار پشتبەندێتی و "وەرگەڕان" و "ناسینەوە"ی تیا نییە، یان ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نابینن.

### ٣-تراجیدیای خرۆشێنەر [ئینفیعالی]:

گەرچی ئەریستۆ پێناسەی ئەم جۆرە تراجیدیایەی نەکردووە، بەڵام [دەشێ تراجیدیای خرۆشێنەر ئەو جۆرە بێت کە ڕووداوی ئازارئەنگێز (پاثۆس) ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینێ]. (النقد المسرحي ص١٣٩)

### ٤- تراجیدیای ئاکاری (ئەخلاقی):

لەم جۆرە تراجیدیایانەدا زیاتر بایەخ بە وێنەکێشانی کارەکتەر و شیکردنەوەیان دەدرێ.

### دووەم: ئاکار [الاخلاق]:

دووەم توخمی پێکهێنەری تراجیدیا لە ڕووی گرنگییەوە [ئاکار]ە. لێرەدا لای ئەریستۆ مەبەست لە وشەکە تەنها ڕەفتاری مرۆڤ نییە لە ڕووی ئاکار

[اخـلاق]ەوە، بـەڵکـو بـە شـێوەیـەکـی گـشتی کـەسـێتی (کارەکتەر) دەگرێتەوە، کە ئاکار بەشێکە لەو مانایە و ئەریستۆ پێناسەی ئاکار دەکات و دەڵێت [ئاکار ئەوەیە کە ڕێگەی ڕەفتار دیاری دەکات]. (فن الشعر، ص٢٢) واتە ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ لە ژیانیدا لەبیرکردنەوەو ڕەفتارنواندندا پەیڕەویی دەکات.

بەلای ئەریستۆوە پێویستە ئەم مەرجانە لە ئاکاردا هەبێت:

١- بالآیی و پاکداوێنیی کەسەکان، پیاو بە پلەی یەکەم دێت و ئافرەت بە پلەی دووەم و کۆیلەش بە دواپلە، لەبەر ئەوەی لەوان نزمترە، هەر بۆیە پاڵەوانی تراجیدیا دەبێ لە وەچەی مرۆڤە بالآکانی وەکو میر و شاکان بێت (لێرەدا نەزعە ئەریستۆکراتیەکەی ئەریستۆ بە ڕوونی دەردەکەوێ).

٢- گونجان: ئاکاری کەسەکە لەگەڵ سروشتیدا بگونجێت، بۆ نموونە ناتوانین دڵڕەقی و ئازایی بدەینە پاڵ ئافرەت، چونکە لەگەڵ سروشتی ئافرەتدا ناگونجێت و [ئازایەتی لە ئافرەتدا وەکو ئازایەتیی پیاو نییە] (فن الشعر، ص٤٢ هامش٣)

ئەمیش لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی دی دەگۆڕێ.

٣- لێکچوون: کەسانی شانۆنامەکە دەبێ لە کەسانی ژیان، یان ئەو ئەفسانانە بچن کە بابەتەکەیان لێ وەرگیراوە، تا بە لای بینەرانەوە نامۆ نەبن.

٤-دەبێ کەسانی شانۆنامەکە لە ڕووی ئاکار و ڕەفتارەوە مەنتیقی بن لەگەڵ خۆیاندا و کردەوەی نامۆ بە شەخسیەت (کارەکتەر)ەکە نەکەن، بۆ نموونە مرۆڤی ترسنۆک دەبێ لە سەرەتای شانۆنامەکەوە تا کۆتایی هەر ترسنۆک بێت و ئازایی لێ نەبینرێ، بۆ ئەوەش ئەریستۆ نموونەیەک دەهێنێتەوە لە شانۆیینامەی "ئەفیگینیا لە ئۆلیس"ی یۆرپیدیس، کە لە هەڵوێستێکدا دەبینین دەپاڕێتەوە تا نەکوژرێ. لە هەڵوێستێکی تریشدا دەیبینین بە ئازاییەوە ڕووەو مەرگ بۆ قوربانگەکە دەچێت، کە ئەم دوو هەڵوێستە بە یەک هاودژن، کەواتە مەنتیقییەت لەو ڕەفتارەی ئەفیگینیادا نییە و ئەفیگینیا شەخسیەتێکی مەنتیقی نییە لەگەڵ خۆیدا.

هەروەها دەبێ ئاکاری کەسەکان و هەڵسوکەوتیان بەپێی (پێداویستی) یان (شێمانە) ڕوو بدەن [بە مەرجێ کە پێداویست بێت، یان بشێت ئەم کەسە، یان ئەو بە جۆرێک لە جۆران بدوێ، یان فرمانێ ئەنجام بدات]. (فن الشعر، ص٤٣)

تراجیـدیایش وەکـو باسـمان کـرد دەبـێ تـرس و بەزەیی ببزوێنێت، کەواتە نابێ چاکەخوازان بخاتە ڕوو کە دۆخیان لە بەختەوەرییەوە بۆ بەدبەختی دەگۆڕێت، چونکە ئەمە ترس و بەزەیی نابزوێنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بێزاری و قێزلێهاتنەوە، هەروەها نابێ بەدخوازان بخاتە ڕوو کە لە بەدبەختییەوە بۆ بەختەوەری دۆخیان بگۆڕێت، چونکە ئەمەش هەستی بینەر و ترس و بەزەیی لا نابزوێنێت و لە سروشتی تراجیدیاوە دوورە، هەروەها نابێ مرۆڤی ڕەچەڵەکچەپەڵیش بخاتە ڕوو، کە لە بەختەوەرییەوە دۆخی بۆ بەدبەختی بگۆڕێت، چونکە ئەمە ڕەنگە سۆزی بینەر ببزوێنێت، بەڵام ترس و بەزەیی نابزوێنێت، کە مەبەست و ئامانجی تراجیدیایە. لەبەر ئەوە، بەزەیی کاتێک دەبزوێت کە بینەر کلۆڵێک دەبینێت بە ناهەق تووشی کلۆڵی بووە و شایستەی ئەو کلۆڵییە نییە، هەروەها کاتێکیش ترسی دەبزوێت کە پاڵەوانەکە لە خۆی بچێت و پێویستە گۆڕانەکەیش لە بەختەوەرییەوە بۆ بەدبەختی بێت، نەک بە پێچەوانەوە، ئەم وەرگەڕانەش لە نەگریسیی پاڵەوانەکانەوە نایەتە ئەنجام، بەڵکو لە هەڵەیەکەوە کە لە نەزانینەوە دەیکات.

کەواتە پاڵەوانی تراجیدی دەبێ نە زۆر چاکەخواز (خێر) بێت و نە زۆر بەدخواز (شریر)، بەڵکو دەبێ

لەنێوانی ئەم دوانەدا بێت و [لەوانە بێت کە ناوبانگیان لەنێو خەڵکدا داوەتەوە و ناز و نیعمەتیان بەسەردا ڕژاوە: وەکو ئۆدیپ و ثوئیسنیس و کەسە بەناوبانگەکانی ئەم جۆرە خێزانانە]. (فن الشعر، ص٣٥) بە واتایەکی دی لە پیاوبەرزان و خانەدانان بێت.

ئەوەی سەرنجیش ڕادەکێشێت ئەوەیە کە پاڵەوانەکە هەست بەو هەڵە [هەڵەی تراجیدی]یەی ناکات، کە لە ئەنجامی لاوازی و نەزانینەوە کردوویەتی، نەک لە ئەنجامی نەگریسی و چەپەڵییەوە تا کارەساتەکەی بەسەردا دێت، گەرچی خۆی بە ڕاست بزانێ و لایەنگری هەندێ بەهای ئینسانییش بێت. ئەوەتانێ ئۆدیپ کاتێک دەیەوێ بەدوای بکوژی لایۆسدا بگەڕێت، زۆر بە سووربوون و خۆبەڕاستزانینەوە وێڵی دۆزینەوە و پەردەلەڕووهەڵماڵینی تاوانکارەکەیە، تا خەڵکەکە لەدەست ئەو ئاهۆ و تاعوونە ڕزگار بکات، بەڵام پاشان بۆی دەردەکەوێ کە بکوژەکە خۆیەتی و ئەوەی وەختی خۆی کوشتوویەتی (لایۆس)، باوکێتی و ئەو ئافرەتەی ئێستایش ژنێتی و منداڵی لێ بووە [جۆکاستا] دایکێتی، بۆیە کاتێک ئەم حەقیقەتە تاڵەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە تەوقەکەی جۆکاستا چاوەکانی خۆی کوێر دەکات.

کەواتە هەڵەی تراجیــدی (هامارتیــا) کە گرنگتــرین تایبەتمەنــدیی پــاڵەوانی تراجیــدییە و گیانپێبەخــشی چیــرۆکە لە تراجیــدیادا لای ئەریــستۆ بــریتییە لەو هەڵەیەی کە پــاڵەوانەکە بە هــۆی لاوازیــیەکەوە، کە لە شەخسیەتیدا هەیە یان بە هۆی نەزانینیەوە دەیکات. گەر ئۆدیــپ بیزانیبــایە ئەوەی بە گالیــسکەکەوە ڕێــی لــێ گرتووە باوکێتی و گەر ئەمیش (واتە ئۆدیپ) هەڵەشە و پەلە نەبــوایە، ئەوا نەیدەکوشــت، یــان گەر بیزانیبــایە (جۆکاستا) دایکێتی، نەیدەهێنا.

[هەڵەی تراجیـدییش کە پـاڵەوان دووچـاری دەبێـت، دەبــێ بــابەت و ڕووداوەکــانی شــانۆنامەکە خــۆی بیـسەپێنێ، نەک وەک ئەنجـامی مەسـەلەیەکی دەرەکـی بێــتە دی، کە پەیوەنــدیی بە بــابەتەکەوە نیــیە، کەواتە ئەریستۆ هەرگیز و لە زۆربەی بۆنەکاندا ئەوەی لە یاد نەکـردووە، کە هەر فرمانێـک لە شــانۆییدا ڕوو دەدات، دەبــێ لە چوارچێـوەیەکی مەنتیقیـدا ڕووبـدات]. (النقـد المسرحي، ص١٣١).

ئێستایش دێینە سەر ئەو هەڵوێستانەی کە دەتوانن کاریگەریی تراجیدی دروست بکەن. لە پاری (١٤) کتێبی "شــیعر"دا ئەریــستۆ ســەبارەت بە ســەرچاوەی ئەو کاریگەرییە دەدوێت و دەڵێت [ترس و بەزەیی دەشێ لە

ئاکـامی دیمەنـی شـانۆیی و هەروەهـا دەشـێ لە ئاکـامی ڕێکخـستنی ڕووداوەکـانەوە بێـتە دی و ئەمەی دووەم چاکترە و کاری کەڵەشاعیرەکانە، چونکە دەبێ چیرۆک وا دابنرێ هەر کەسـێ گوێ بۆ ڕووداوەکانی ڕادێرێت (نەک بە چـــاویش ببیبنێـــت) بترســـێ و بەزەیـــی بـــۆ کارەساتەکانی ببزوێت: هەر وەکو ئەو کەسەی چیرۆکی ئۆدیپی بۆ دەگێڕنەوە]. (فن الشعر، ص٣٨)

کەواتە تــرس و بەزەیــیەکە دەبــێ وەک ئەنجــامی چنینی ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان بێن و پەنـابردنە بەر دیمەنـــی شـــانۆیی بـــۆ هێنـــانەدیی ئەو کـــاریگەرییە مەسەلەیەکی [دوور لە هونەرە]. (فن الشعر، ص٣٨).

ئەو ڕووداوانەی ترس و بەزەییش دەبزوێنن، بریتین لەو کارەساتانەی لەنێوان کەسانێکی هاوڕێ و نزیک بە یەکدا ڕوو دەدەن، وەکو کەسـانی خێزانێک، بۆ نمـوونە [برایەک براکەی خۆی بکوژێت، یان خەریکە بیکوژێت، یـان تـاوانێکی لەو چەشـنەی بەرامـبەر دەکـات، یـاخود کوڕێـک تاوانێک لە ڕووی باوکیـدا دەکـات، یـا دایکێـک دەرهەق بە کوڕەکەی و یان کوڕێک دەرهەق بە دایکی]. (فن الشعر، ص٣٩).

ڕووداوەکانیش بە جۆرێک لەم جۆرانە ڕوو دەدەن:

١- کەسـەکە بە هۆشـمەندییەوە فرمـانەکە جێبەجـێ دەکـات و ئەنجامەکەیـشی دەزانێـت، وەکـو "میـدیا" لە شانۆنامەکەی یۆرپیدیسدا.

٢- کەسـەکە لە ناهۆشـمەندی و بێئاگایـانە فرمـانەکە جێبەجێ دەکات و پاش کارەساتەکە دەزانێ کە تـاوانی کردووە. "ئۆدیپ" لە شانۆنامەکەی سۆفۆکلیسدا.

٣- کەسـەکە لەو سـاتەدا کە خەریـکە لە نەزانیـنەوە تاوانەکە دەکات، پێش ئەوەی بیکـات نەزانییەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێ و تاوانەکە ناکات: وەکو "ئەفیگینیا" لە شـانۆیی "ئەفیگینیـا لە تـۆریس"ی یورپیدیـسدا کاتێـک خەریکە "ئۆریست"ی برای بکوژێت، بەڵام دەیناسـێتەوە و لە کارەکەی پاشگەز دەبێتەوە.

٤- بـارێکی تـر هەیە ئەویـش ئەوەیە کە کەسـەکە لە هۆشمەندییەوە پلان بۆ تاوانێک دادەنێت و بڕیار دەدات بیکــات، بەڵام نایکــات، ئەمەیــش بــارێکی لاوازە و بە دەگمەن لە تراجیدیاکاندا دەیبینین، هەروەکو هەڵوێستی هیمـۆن لە ئاسـت کریۆنـدا لە شــانۆیی "ئەنتیگۆنـا"ی سوفۆکلیسدا، کە دەیەوێ بیکوژێت و پاشـان پەشـیمان دەبێتەوە.

**سێیەم: بیر (هزر)**

لە ڕووی گرنگییەوە سێیەم توخمی پێکهێنەری تراجیدیایە. ئەریستۆ لە دوو جێدا سەبارەت بە بیر دەدوێت و دەڵێت [بیر توانای دۆزینەوەی ئەو زمانەیە کە هەڵوێستەکە دەیسەپێنێ و لەگەڵیدا دەگونجێت]. (فن الشعر، ص٢١) هەروەها [مەبەستم لە بیر ئەوەیە کە کەسەکان دەیڵێن بۆ سەلماندنی شتێک، یان دەربڕینی ئەوەی بڕیاری لێ دەدەن] (فن الشعر، ص٣٨).

بێگومان بیری کەسەکان بە هۆی زمان و بارەکانی وەکو هەڕەشەکردن و پرسیارکردن و پاڕانەوە... هتد گوزارشتیان لێ دەکرێ، ئەمیش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گوتن و (ئیلقا)وە هەیە، کە ئەرکی ئەکتەرە و پەیوەندیی بە هونەری نواندنەوە هەیە و [ئەو ڕەخنەیە ئەوەندە نرخی نییە کە لە شاعیر دەگیرێ، گوایە ئەو مەسەلانە دەزانێ، یان نازانێ]. (فن الشعر، ص٥٤)

**چوارەم: زمان**

چوارەم توخمی پێکهێنەری تراجیدیایە و بریتییە لە "دەبڕینی بیر بە وشە". (فن الشعر، ص٢٢) واتا زمان بریتییە لەو دیالۆگانەی کارەکتەرانی شانۆنامەکە دەیڵێن، ئەمیش ڕەنگە هۆنراو (منظوم) بێت، یان پەخشانئامێز

(منثـــور) بێـــت. هەر ڕەگەزێکـــی درامـــاییش لەگەڵ ڕەگەزێکـی درامـایی دیـدا لە ڕووی زمـانەوە جیـاوازیی هەیە. زمـانی تراجیـدیا لە زمـانی کۆمیـدیا جیـاوازە. هەر کـارەکتەرێکـیش زمـانی لە کـارەکتەرێکـی دی جیـاوازە. زمـانی پیرێـک لە زمـانی منـداڵێک جیـاوازە، شـایەک لە کـۆیلەیەک، زانـایەک لە دەبەنگێـک و هتـد... ئەمە جـگە لەوەی کە هەر بـارێکی دەروونـی زمـانی تـایبەتی خـۆی هەیە: زمـان لەبـاری خۆشەویـستیدا جیـاوازە لە زمـان لەبـاری شـەڕ و یـان تووڕەییـدا. زمـانی خەم و پەژارە جـودایە لە زمـــانی شـــادی و کـــامەرانی و هتـــد... ئەو زمانەی تراجیدیاشی پێ دەنووسرێ، دەبێ زمانی ژیانی ڕۆژانە نەبێت، بەڵام ڕوون و ئاشکرا بێت، واتە زمانێکی باڵا و بەرز بێت، بەڵام نەگـاتە ڕادەی ئـاڵۆزی و لێڵـی لە واتادا بە نیسبەت بینەرانەوە.

دیالۆگیش [دەبێ ڕووداوەکان ڕووەو پێشەوە ببەن و هەست و نەست و بیری خاوەنەکەیان بخەنە ڕوو]. (نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، ص٥٧)

## پێنجەم: سروود [گۆرانی]

پێـنجەم تـوخمی پێکهێـنەری تراجیـدیایە و لایەنە مۆسـیقییەکەیەتی و لە شـانۆنامە گریکییەکانـدا بریتـی بووە لەو سروودانەی کۆرس وتوویانە. بێگومان ئەم سـرووودانەیش چێژبەخـشن و دەبـێ لە ڕەوتـی شانۆنامەکە نەچنە دەرەوە و لە خزمەتی هێڵە دراماییە سەرەکییەکەدا بن و گەر وا نەبن و هیچ ڕۆڵێکیان نەبێت، واتە زیادەن.

لەبەر ئەوەی ڕۆڵی ئەو سـروودانەیش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕۆڵی کۆرسەوە، بۆیە پێویستە لێرەدا ڕای ئەریستۆ سـەبارەت بە کـۆرس و ئەو کـار و ئەرکەی لەسەریێتی بخەینە ڕوو:

کۆرس دەبێ وەکو یەکێک لە کارەکتەرەکان سەیر بکـرێ و بەشـێک بێـت لە گـشت، واتە دەبـێ لە ڕووداوەکەدا ڕۆڵـی خـۆی هەبێـت، هەروەکـو لای سـۆفۆکلیس ئاشـکرایە، نەک لە ڕووداوەکە جـودا و ناکاریگەر بێت، وەکو چۆن لای یۆرپیدس هەیە.

**شەشەم: دیمەنی شانۆیی**

ئەمیش دواتوخمی بنیادنەری تراجیدیایە و ئەریستۆ گەرچی نکوولّی لە کاریگەریی دیمەنی شانۆیی ناکات و تەنانەت وەکو لەپێشیشدا باسمان کرد، هەندێ جار دەبێتە هۆی بزواندنی ترس و بەزەیی، بەڵام لە کتێبەکەیدا ئەوەندە باسی بۆ تەرخان ناکات و زیاتر بە ئەرکی دەرهێنەر، یا ئەندازیاری دیکۆری دادەنێت، نەک شاعیر، چونکە وەک خۆی دەڵێت [بەبێ بینەر و ئەکتەریش هێزی تراجیدیا هەر دەمێنێت]. (فن الشعر، ص٢٢)

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر بۆی نییە وەسف و نەخشی دیکۆر بکات، بەڵکو پێویستە شاعیر لە نەخشەکێشانی دیمەندا شارەزایی هەبێت. [چونکە دیمەن چوارچێوەیەکی دەرەکییە، ڕۆڵێکی گەورە لە بەرجەستەکردنی جووڵەی شانۆییدا و لە کاریگەریی لەسەر بینەران دەبینێت]. (النقد المسرحي، ص١٣٨)

پاش ئەوەی ئەو ڕەگەزانەمان دەستنیشان کرد کە لە ڕۆنانی درامایی و تراجیدیادا بەشداری دەکەن و ڕاوبۆچوونەکانی ئەریستۆ و ئەو مەرجانەی کە بە لای ئەوەوە پێویستە لە تراجیدیادا هەبن، خستمانە ڕوو، وا

لێـــرەدا ئەو چەنـــد ئامۆژگـــارییە دیـــاری دەکەیـــن کە ئەریستۆ ئاراستەی شاعیرانی تراجیدیای کردووە:

١- دەبـێ شـاعیر لە کـاتی نووسـینی تراجیدیاکەیـدا وەکـــو بینەرێـــک بـــڕوانێتە گـــشت هەڵوێـــستەکانی شـانۆنامەکە، هەر لە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی، بـۆ ئەوەی گشت خەوشـێکی خۆی بـۆ ڕوون بێتەوە و لەو شـتانە دوور بکەوێتەوە کە دەبنە هۆی بێزاری و شڵەژان.

٢- دەبێ شاعیر بەپێی توانا چۆن ئەکتەرێک نمایشی ئەو کارەکتەرە دەکات کە ئەم وێنەی دەکێشێت، ئەمیش بەو جۆرە لە کاتی نووسینی تراجیدیاکەیدا خۆی لەبری هەریەکە لە کارەکتەرەکانی دابنێت لە هەموو هەست و سۆز و هەڵسوکەوتێکیاندا.

٣- ئەو بابەتەی شاعیر دەستی بۆ دەبات با کۆنیش بێـت و پـێش ئەم شـــاعیرانی تـــر کردبێتیـــانە بـــابەتی شـانۆنامەکانیان، یـان زادەی بیـر و خەیـاڵی خۆی بێت، بەڵام هەر دەبـێ هێڵـی گشتیی چیـرۆکەکەی دابڕێژێـت، پاشـــان دەســـت بە وردەکارییەکـــانی تـــری بکـــات. بـــۆ ڕوونکـــردنەوەی ئەمەیـــش، ئەریـــستۆ ئەم نمـــوونەیە دەهێنێـــــــتەوە کە لە شـــــــانۆنامەی "ئەفیگینیـــــــا"ی سۆفۆکلیسەوە وەریگرتووە:

[کیژێک لە هەڕەتی لاوێتیدایە، دەبرێ تا لە قوربانگە سەرببڕرێ، بەڵام بێ ئەوەی زێوان (کاهن)ەکان پێبزانن، دەڕفێنرێ و بۆ وڵاتێکی دی دەبرێ، کە تیایدا عادەت وایە گەر غەریبێ ڕووی لێ بکات، دەیکەنە قوربانی بۆ یەکێک لە خواوەندەکان، ئەم کارەش بەو دەسپێرن (پێشکەشکردنی قوربانییەکان) وا ڕێ دەکەوێ دوای ماوەیەک براکەی دەچێتە ئەو وڵاتە و دەگیرێ و دەبرێ تا بکرێتە قوربانی، بەڵام براکە حەقیقەتی خۆی دەخاتە ڕوو و خوشکەکەی دەیناسێتەوە و ئەمە دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی]. (فن الشعر، ص٤٩)

## ٢- کۆمێدیا Comedy

لەو بەشەی "شیعر"دا کە گەیشتووەتە دەستمان، شتێکی ئەوتۆی دەربارەی "کۆمێدیا" تیا نییە. ئەریستۆ لە پاری شەشەمی کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەشی دووەمی کتێبەکەی بۆ کۆمێدیا تەرخان کردووە، بەڵام ئەوەی جێی ئەفسووسە ئەوەیە کە ئەو بەشە ون بووە و نەماوە، ئەوەی لەو بەشەیشدا ماوە سەبارەت بە کۆمێدیا و باسی لێوە کراوە، بەس نییە بۆ ئەوەی گشت ڕەگەز و لایەنە پێکهێنەرەکانی کۆمێدیامان پێ بناسێنێت، بۆیە زۆر لە ڕەخنەسازان پەنا دەبەنە بەر دەستنووسێکی یۆنانی کە درەنگانێ دۆزرایەوە و ئەویش (نامەی) coislin کۆیسلینە (بڕوانە ل٨٨ لە کتێبی النقد الادبي الحديث) کە لەسەدەی یەکەمی پێش زاییندا نووسیویەتی و قوتابیی ئەریستۆ خۆی بووە و لە پێڕی (المشائین)ەکان بووە و تیایدا پەیڕەوی لە میتۆدەکەی ئەریستۆ دەکات لە شیعردا و بەسەر کۆمیدیاشدا هەمان میتۆد پراکتیزە دەکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییە کەمانە و لە پێناسەی ئەریستۆ بۆ کۆمێدیا، دێین و لێی دەدوێین.

## پێناسە و خاسیەتەکانی کۆمێدیا

ئەریستۆ وا پێناسەی کۆمێدیا دەکات: [کۆمێدیا لاساییکردنەوەی کەسانی نزمە، بەڵام نەک لاساییکردنەوەی هەموو کەموکوورپییەکانیان، بەڵکو ئەو لایەنە پێکەنینهێنەرەی کە بەشێکە لە ناشیرین. کەواتە شتی پێکەنینهێنەر کەموکووڕی و ناشیرینییە، بەڵام ئازاربەخش و زیانبەخش نییە. دەمامکی پێکەنینهێنەر ناشیرین و تێکشێواوە، بەڵام ئازاربەخش نییە]. (فن الشعر، ص١٦).

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە کۆمێدیا وەکو تراجیدیا لاسایی فرمانی مرۆڤ دەکاتەوە، بەڵام ئەو مرۆڤانەی کە نزمن. بۆیە پاڵەوانی کۆمێدیا لە خەڵکە ئاساییەکەیە، بە پێچەوانەوەی تراجیدیاوە کە پاڵەوانەکە بنەچە ئۆرستۆکراتییە، هەروەها کۆمێدیا ئەو کەسانە نزمتر لەوەی لە واقیعدا هەن دەیانخاتە ڕوو و بابەتەکەیشی گاڵتەگێڕان و پێکەنینە کە لە ئەنجامی ئەو "هەڵە" یا "ناشیرینی"یەوە و بە هۆی خەوشێکەوە کە لە کارەکتەرەکەدا هەیە، دێتە دی.

[کۆمێدیا -بەپێی بیرکردنەوەی ئەریستۆ- لاساییکردنەوەی بابەتێکی پێکەنیناوی و تەواوە، درێژییەکی گونجاوی هەیە، زمانێکی گونجاوی هەیە،

ئەم لاسـاییکردنەوەیە بە شـێوازێکی شـانۆیی، نەک گێـڕانەوە پیـشان دەدرێ و دەبێـتە هـۆی بزوانـدنی پێکەنین لە دەروونداا]. (النقد المسرحي، ص١٥١).

کەواتە لە کۆمیدیاشدا "یەکەی بابەت" هەیە، بابەتەکە پێکەنیناوییە. هەروەکو تراجیدیایش درێژییەکی تایبەتی هەیە و پەیوەستە بە کاتەوە، هەروەها زمانی کۆمیدیا زمـانێکی "کۆمیـدی"یە و ئەمەش بەنـدە بە چـۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانەکە لە لایەن نووسەر و ئەکتەرەوە و لە زمـانی تراجیـدیا جیـاوازە، چـونکە سروشـتی دوو هونەرەکە لە یەکدی جیاوازن.

ئامانجی کۆمیدیایش پاکژکردنەوەیە لە هەڵچوونەکانی پێکەنین کە ئەگەر کەڵەکە بێت لە دەروونی مرۆڤدا، زیانی پـێ دەگەیەنێـت، بـۆیە تەماشـاکردنی کۆمیـدیا پێویـستە، چونکە وەکو دەروویەکە بۆ ڕزگاربوون لەو پێکەنینەی لە دەروونداا کەڵەکە دەبێت، بەڵام ئەمەش لە هەموو تەمەنێکدا نـا وەکـو [ئەریـستۆ لە کتێبـی "ڕامیـاری"دا دەڵێـت نـابێ یاسادانەر ڕێ بە لاوان بدات تەماشای کۆمیدیا بکەن ئەو کاتە نەبێت کە دەگەنە ئەو ئاستەی لەگەڵ پیاواندا لە کۆڕە گشتییەکاندا دادەنیشن]. (النقد الادبي الحديث ص ٨٩).

دەبـێ ئەوە لە یـاد نەکەیـن ئەریـستۆ تراجیـدیا بە بڵنـدتر دەزانـێ لە کۆمیـدیا و ئەم دوانەیـش بە بڵنـدتر دەزانێ لە داستان.

**٣- داستان**

داستانیش کە جۆرێکە لە جۆرەکانی تری شیعر، لاساییکردنەوە ئەنجام دەدات. ئەمیش وەکو تراجیدیا لاسایی فرمانی کەسانی باڵا دەکاتەوە و تەنها دیمەن و سروودی لێ دەربچێت کە دوو توخمی شانۆیین، گشت توخمەکانی تری تراجیدیای تێدایە "واتە چیرۆک و ئاکار و بیر و زمان".

دەبێ لە داستانیشدا یەکەی فرمان هەبێت و فرمانەکە درێژییەکی گونجاوی هەبێت [لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەتوانین هۆمیرۆس بە مەزنترین شاعیری داستانی لەقەڵەم بدەین، دەبینین نەیویستووە گشت ڕووداوەکانی جەنگی تەڕوادە چارەسەر بکات، گەرچی سەرەتا و کۆتاییشی هەیە، چونکە گەر وای بکردایە چیرۆکەکە لە درێژیی گونجاو تێدەپەڕی.... بۆیە تەنها بەشێکی ئەو جەنگەی گرتووە]. (فن الشعر، ص٦٥).

پاشان ئەریستۆ چەشنەکانی داستان دیاری دەکات کە هەمان چەشنەکانی تراجیدیان و بریتین لە داستانی ساکار و ئاڵۆز و ئاکاری و خرۆشێنەر.

شاعیری داستانییش دەبێ خۆی لە داستانەکەی هەڵنەقورتێنێت و بە ناوی خۆیەوە نەدوێت، چونکە ئەو کاتە لە سنووری لاساییکردنەوە دەردەچێت، بەڵام

دەبینـــین [ئەوەی وا لە هــۆمیرۆس دەکــات شایــستەی ستایش بێت ئەوەیە کە تاقە شـاعیر بووە زانیویەتی لە کوێدا خۆی لە شیعرەکەیدا هەڵدەقورتێنێت]. (فن الشعر، ص٦٨، ٦٩).

هەروەها لە داستاندا "وەرگەڕان" و "ناسینەوە" هەیە کە زادەی ڕووداوەکانن و ڕووداوەکانیش دەبێ بەپێی شـێمانە و پێداویستی ڕوو بدەن و مەحاڵێک کە ڕەنگە ڕوو بدات، چاکترە لە شـێمانەیەک کە ڕەنگ نییە ڕوو بدات.

لە دوابەشی کتێبەکەدا [بەشی ٢٦] ئەریستۆ بەراورد لەنێـوان داســتان و تراجیـدیادا دەکـات و وەڵامــی ئەو کەسانە دەداتەوە کە هێرش دەکەنە سـەر تراجیدیا و بە هونەرێکی نزمی دەزانن و بەرگری لە داستان دەکەن و بە بەرزتری دادەنێن. یەکەم ڕەخنەیەک کە لە لایەن ئەو جۆرە کەسانەوە لە تراجیدیا دەگیرێ ئەوەیە کە گوایە لە تراجیـــدیادا ئەکــــتەران جموجـــۆڵ زۆر دەکەن و وا دەزانـن بینـەران گەر وا نەبێـت، تێنـاگەن، بەڵام داسـتان هونەرێکە پێوستی بە جووڵە نییە و بۆ خەڵکێکی بەرز دەنووسـرێ کە بەبـێ جـووڵەیش لێـی تێـدەگەن، کەواتە داســتان بەرزتــرە. لێــرەدا ئەریــستۆ وەڵام دەداتەوە و دەڵـێ زۆرلەخـۆکردن لە جـووڵەدا شـتێکە پەیوەسـتە بە

هـونەری ئەكـتەرەوە و شـاعیر لەوە بەرپرسـیار نیـیە و پاشان گشت جووڵە و بزاوتێك شتێكی نـزم نییە، مـادام سـەما هـونەرێكی بەرزە و ئەو ڕەخـنەیە پێویـستە ئاڕاسـتەی ئەكـتەری نەزان و لێنەهـاتوو بكـرێ. جـگە لەوەش [تراجیـدیا بەبـێ جـووڵەش هەمـان كـاریگەریی خـۆی دەكـات، هەروەكـو داسـتان، لە تەنهـا خوێنـدنەوەیەكی سـاكارەوە دەتـوانرێ بە ئاشـكرا ئەو بەهایەی ببینرێ]. (فن الشعر، ص٨٠).

هەروەهـا تراجیـدیا بـێجگە لەو ڕەگەزانەی داسـتان، دوو ڕەگەزی تـریش دەگـرێتە خـۆی كە مۆسـیقا و دیمەنی شانۆیین و ئەمانەش زیاتر یارمەتیی خولقاندنی چێژ دەدەن.

لەگەڵ ئەمانەشـدا تراجیـدیا لە كـاتێكی كەمتـردا و بە شـێوەیەكی كـورتتر لە داسـتان لاسـاییكردنەوە وەدی دەهێنێـت و یەكەی بـابەت لە تراجیـدیادا وردتـر و هونەریترە، لەبەر ئەوەی ڕووداوی لاوەكی تێیدا كەمترە و چاكتریش "مەبەست" دەپێكێت، كەواتە دەتوانین بڵێین تراجیدیا لە داستان بڵندترە.

## پاكژكردنەوە [catharsis – التطهير]

وتمان ئامانجی تراجیدیا بزواندنی هەستی ترس و بەزەییە كە ئەمانەش دەبنە هۆی پاكژكردنەوەی ئەو هەڵچوونانە خۆیان، لە ڕاستیدا چەمكی پاكژكردنەوە پاش ئەریستۆ بە چەندەها سەدە بووە هۆی زۆر لە مشتومڕی ڕەخنەیی [بەتایبەتی لە سەردەمی ڕێنیسانس و دواییدا هەر ڕەخنەگرە و لە گۆشەنیگای فیكری و تێگەیشتنی تایبەتیی خۆیەوە ڕاڤەی ئەم چەمكەی دەكرد. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەریستۆ خۆیشی لە كتێبەكەیدا مانای "پاكژكردنەوە"ی شی نەكردووەتەوە. ڕەگوڕیشەی چەمكی "پاكژكردنەوە" دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەریستۆ، ئەوەتانێ یەكێكی وەكو گۆرگیاسی سۆفیستایی لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا لەبارەی كاریگەریی وشە لە شیعردا دواوە و لەو بڕوایەدا بووە كە [كاریگەریی وشە لە شیعردا، یان بوارێكی تردا، وەكو كاریگەریی دەرمان وایە كە لە لەشی دەكات، بە مەرجێ گەر بە دانایی و بێ زێدەڕۆیی بەكارهێنرا ئەوا دەبێتە هۆی چارەسەركردن و گەر زێدەڕۆیی تێدا كرا ئەوا زیان دەبەخشێت]. (فلسفة الجمال، ص١٩).

هەروەهــا فیــساگۆرییەکان کاتێــک ســەبارەت بە کاریگەریی مۆسیقا لە مرۆڤ دواون، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مۆسیقا کارێکی زۆر دەکاتە سەر گیانی مرۆڤ و دەیخاتە باری تەبایی و هاوسەنگییەوە.

ئەفلاتــوونیش نکــووڵی لەو کــاریگەرییە ناکــات کە مۆسـیقا لە گیـانی مرۆڤـی دەکـات و ڕۆڵێکـی گرنـگ لە پەروەردەکردنی مرۆڤدا دەبینێت و ڕێی ڕاسـتی نیشان دەدات و لە کـاری بەد دووری دەخـاتەوە، هەر بۆیەشــە دەڵێت کە مۆسیقا لاساییکردنەوەی لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو ئافراندنێکی  هونەریی ڕەسەنە. بەڵام کاتێک دێت و باسـی کـاریگەریی شـیعر دەکـات لەسـەر دەروونـی مـرۆڤ، دەگــاتە ئەو بـاوەڕەی کە شـیعر، بـۆ نمـوونە تراجیدیا، کـارێکی نەرێنی دەکـاتە سـەر مـرۆڤ، چـونکە ئەو چێـژەی بە بینەری دەبەخشێت، چێژێکـی تـێکەڵە بە ئازار و ئاسەوارێکی خراپ لەسەر دەروونی مرۆڤ جێ دەهێڵێت، بۆیە لە "کۆمار"ەکەیدا چاودێری بەسەر شیعر و شاعیراندا دەسەپێنێت.

بەڵام کاتێـک ئەریـستۆ بیـروڕای خـۆی سـەبارەت شــیعر نووســی، بەرپەرچــی مامۆســتاکەی دایەوە و ســـەلماندی کە ئەو چێـــژەی تراجیـــدیا بە بیـــنەری دەبەخـشێت، چێژێکـی هـونەری و سوودبەخـشە، نەک

زیانبەخش، لەبەر ئەوەی بینەر لەو ترس و بەزەییەی کە هەستی پێ دەکات، پاکژ دەکاتەوە، واتە لەو هەڵچوونە چەپێنراوانەی ڕزگاری دەکات.

[چەمکی پاکژکردنەوەی ئەریستۆ دەگەڕێتەوە بۆ زانستی پزیشکی لای "هیپۆکرات". ئەوکات ئەم وشەیە مانای دوورخستنەوە و لابردنی ئەو مادده یا بارە دەروونییەی دەبەخشی کە دەبێتە هۆی ئازار لە لەشدا، تا هاوسەنگیی دەروونی بێتە ئەنجام]. (فلسفة الجمال، ص٣٥٢).

با لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ پاکژکردنەوە بنەڕەتێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو ئەو ئاهەنگە مۆسیقییانەی کاتی خۆی یۆنانییەکان بە ڕابەریی چەند "پیاوێکی ئایینی" سازیان دەکرد تا گیانی خراپە و چەپەڵی لە هاووڵاتییاندا دەربکەن، بۆمان دەسەلمێنن کە ئەم چەمکە لە سەرەتادا مۆرکێکی ئایینیی بەخۆوە گرتووە. تەنانەت ئێستاش لە هەندێ لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەدا کە هێشتا گیانی زانست و هۆشیاریی زانستی خۆی نەسەپاندووە، ئەم جۆرە باوەڕە هەر باوە. پاکژکردنەوە شتێکە تایبەتە بە بینەر. کاتێ بینەر پاڵەوانی تراجیدی دەبینێ باری لە بەختەوەرییەوە دەگۆڕێت بە بەدبەختی، بەزەیی پێدا

دێتەوە. کاتێکیش ئەو کارەساتە جەرگبڕانە دەبینێ کە بەسەریدا دێن، دەترسێت. لە ڕاستیدا ئەم دوو وشەیە (واتە ترس و بەزەیی) هاوپەیوەستن. بینەریش ترس و بەزەیی بۆ پاڵەوانەکە و بۆ خۆیشی دەبزوێت، چونکە وەکو لە خاسیەتەکانی کارەکتەردا باسمان کرد، لەنێوان پاڵەوانەکە و کەسانی ناو ژیان (لێکچوون هەیە)، کەواتە بینەر بەزەیی دەبزوێت و دەترسێت لەوەی ئەو نەهامەتییانەی بەسەر پاڵەوانەکەدا هاتوون، بەسەر ئەمیشدا بێن. لێرەدا دەگەینە ئەنجامێک ئەویش ئەوەیە کە تێرکردنی هەستی ترس و بەزەیی بینەر لە زیادەی هەمان هەست ڕزگاریان دەکات و هاوسەنگیی سایکۆلۆجییان پێ دەبەخشێت. واتە ئەو ترس و بەزەییەی کە بووەتە هۆی دروستکردنی شلۆقی و شڵەژانی دەروونی لای بینەر، بە هەمان ئەو ترس و بەزەییە تێر دەکرێت. ئەمەش وای لە زۆر ڕەخنەگر کردووە کە پاکژکردنەوە لای ئەریستۆ بە کوتان ببەستنەوە و لەگەڵ واتا پزیشکییەکەدا لێکی بچووێنن.

بێگومان کاتێک بینەر لەو هەڵچوونە دەروونییانە ڕزگاری بوو، باری سایکۆلۆجیی دروستتر دەبێت و دەتوانێ زیاتر بەسەر خودی خۆیدا زاڵ بێت.

ئەمە جــگە لەوەی جــوانیی کــارە هــونەرییەکەش ڕۆڵێکـــــــــی گەورەی هەیە لە خولقانـــــــــدنی ئەو (پـاکژکردنەوە)یەدا و هەر بۆیەشـە ڕۆڵـی (پـاکژکردنەوە تەنها لەو ئەرکانەی سەرەوەشدا کۆنابێتەوە، بەڵکو چێژ و هەستی جوانییش لای بینەر پەروەردە دەکات. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە [ئەوەی ئەریستۆ مەبەستی بووە لە هونەردا، تەنها پتەوکردنی توانـای مـرۆڤ نەبـووە بـۆ چـۆنیەتیی هەڵـسوکەوتی لە ژیـانی کردەییـدا، بەڵکـو تێرکردنـی هەسـتی جوانیی مـرۆڤیش بووە. ئەمەش ئەو مەبەسـتە بـوو کە ئەریـستۆ پێـداگریی لـێ دەکـرد و لە هـونەری شـانۆدا و پاشـانیش بەسـەر هونەرەکـانی تـردا گشتگیر "تعمیم"ی کرد]. (فلسفة الجمال، ص٩٥).

## كۆتایی

ئەوەی گومانی تیا نییە ئەم بیروڕایانەی ئەریستۆ کە لە دووتــــوێی کتێبـــــی (شـــیعر)دا کۆبـــوونەتەوە، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر مێژووی ڕەخنەی ئەدەب و فەلــسەفەی جــوانی، چ لە کۆنــدا و چ لە ســەردەمی شانۆی نیوکلاسیکدا کرد و بگرە تاکو ئێستاش زۆر لە ڕاکانی جێی مشتومڕ و لێکۆڵینەوەن. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە گشت ڕاکانی دروست بن، بەڵکو بە حوکمی نەوەســتانی ڕەوڕەوەی ژیــاری مرۆڤــایەتی و بیــری ئینسانی، ئەو ڕایانە قابیلی گۆڕانکاری و ئیزافە بوون. جگە لەوەی کە هەندێ جار ڕاکانی بە شێوەیەکی وا دۆگماتیکی وەرگیراون کە زیانی بە ڕەوتی هونەری شانۆیی جیهانی بەخشیوە. بێگومان لێرەدا تاوانەکە ناکەوێتە ئەستۆی ئەریستۆ.

یەکێک لەو مەسەلانەی ئەریستۆ وروژاندوویەتی مەسەلەی "لاساییکردنەوە" بوو، لە ڕاستیدا ئەریستۆ لە

دەرگـــای مەســـەلەیەکی زۆر مەزنـــی دا کاتێـــک لە بەرپەرچیوەستانەوەیدا دژ بە ئەفلاتوون پێ لە مەزنیی هــونەر دادەگــرێ و دەیــسەلمێنێ کە هــونەر بە تەنهــا لاســـاییکردنەوەیەکی ڕووتوقـــووت نیـــیە و بگـــرە ئیزافەکردنە بۆ ژیان و بۆ سرووشت.

پاشــان ئەریــستۆ پــێ لــەســەر ئــەوە دادەگــرێ کە چیرۆک جەوهەر و گیانی تراجیدیایە و گرنگیی دەخاتە سەروو گرنگیی کارەکتەرەوە. بێگومان لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەریستۆ ڕۆڵی ئیرادەی مرۆڤ و ململانێــی ئەو ئیــرادەیەی فەرامــۆش کــردووە، جــا ئەو ململانێـیە لەگەڵ مرۆڤـدا بێـت یـا دەوروبەر و جیهـانی دەرەوە و یــانیش خــود. لێــردەدا مەبەســت لەوەیە کە پەیوەندییەکی دنیایی هەیە لەنێوان فرمان و کارەکتەردا، بەڵام ئەریـــستۆ لە ڕوانگەیەکـــی تەســـکەوە ســـەیری کارەکتەری کردووە.

نیوکلاســـیکەکان و بەتـــایبەتی فەڕەنـــسییەکان بە چاوێکی پڕ پیـرۆزییەوە دەیـانڕوانییە کتێبی شـیعر و بە ئینجیلی تەکنیکی نووسینی شانۆییان لە قەڵەم دەدا، بۆیە ئەمە زۆر لە توێژەرەوانی فەڕەنسایی و ئیتاڵیایی ڕاپێچ کرد تاکو زۆر شت بدەنە پاڵ ئەریستۆ کە بێئاگا بووە

لێی، لەوانە ئەو یاسایەی کە بەسەر درامادا سەپاندیان، واتە یاسای سێ یەکەکە "الوحدات الثلاث".

ئەریستۆ لە کتێبی (شیعر)دا لە جێگەیەکدا نەبێت، سەبارەت بە کاتی تراجیدیا، نەدواوە، بەڵام شیکەرەوان و لێکۆڵەرەوانی ئیتاڵیایی و فەڕەنسایی هاتن و ئەمەیان کردە یاسایەکی درامایی بە ناوی "یەکەی کات" و بەسەر شانۆییدا سەپاندیان، گوایە نابێت ماوەکەی لە بیستوچوار "یا دوانزە" کاژێر تێبپەڕێت. هەروەها هەمان شت سەبارەت بە "یەکەی شوێن"، ڕەخنەنووسێکی ئیتاڵیایی وەکو لۆدڤیکۆ کاستلڤترۆ ١٥٠٥ی ز، کە یەکێکە لە شیکەرەوانی کتێبی "شیعر" لە سەردەمی ڕێنیسانسدا، پێگیری لەوە دەکات کە ڕووداوەکانی شانۆیی دەبێت لە یەک شوێندا ڕوو بدەن. گەرچی ئەریستۆ پەنجەی بۆ مەسەلەیەکی وەها درێژ نەکردووە، کەچی بە یاسایەکی ئەریستۆیی ناسرا. ئەوەی ئەریستۆ پێگیریی لێ دەکرد، تەنها یەکەی فرمان بوو، بەو مانایەی شیمانکردەوە و ئەو دوو یەکەیەی دی بەزۆر بەسەر تیۆرییەکەیدا سەپێنران و تا دەمێکی زۆر کلاسیکییەکان لە سەردەمی شانزەیەمدا پەیڕەوییان دەکرد، تا بووە هۆی لێدوان و مشتومڕی ڕەخنەیی لەسەری و ئەوە بوو ڤیکتۆر هۆگۆ

(١٨٠٢- ١٨٨٥) هات و له پێشەكیی شانۆیی (كرۆموێل)
١٨٢٧ی زدا هێرشێكی ڕەخنەیی كردە سەر.

به هەرحاڵ ئەم توێژینەوەیەی ئەریستۆ سەبارەت به دراما بەڵگەیە بۆ ئەوەی دەركی به ڕۆڵی سامناكی شانۆ له ژیان و دەروونی مرۆڤایەتی كردووە [بەڵام دەبێ ڕاكانی ئەریستۆ به وریایەكی تەواوەوە ڕەچاو بكرێن و له شوێنه مێژووییەكەی خۆیاندا دابنرێن، گەرچی هەندێ له ڕاكانی سەبارەت به شانۆ هێشتا زیندوون و تا ئێستا ڕەخنەی شانۆیی نوێ به چاوی شكۆمەندییەوە لێیان دەڕوانێت]. (النقد المسرحي، ص١٥١).

## بەراوردێك لەنێوان
## شانۆی ئەریستۆیی و شانۆی داستانی (یان برێختی)دا

ئـــێمە پێـــشتر بیروبۆچوونەکـــانی ئەریـــستۆمان سـەبارەت بە دراما خستە ڕوو، وەک ئەوەی لە کتێبی شـیعردا لێـی دواوە، بەتـایبەتییش تراجیـدیا، کە بەشـی زۆری لێکۆڵینەوەکەی بـۆ تەرخـان کـردووە، هەروەها وتمـان کە ئەو بیروڕایـانەی ئەریـستۆ کـاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تیۆریی دراما هەبووە و بەتایبەتییش لە سەردەمی ڕێنیسانس بەدواوە و تا دەگاتە سەرەتاکانی سـەدەی بیـستەم، واتە ئەو ڕێـسایانەی ئەریـستۆ لە درامای یۆنانیی کۆن هەڵیهێنجاون، دواتر لە لایەن گەلێ نووسەری دراماییەوە ڕەچاو کراون و تەنانەت هەندێ جار لادان لەو ڕێسایانە بە لادان لە داهێنانی ڕاستەقینە لەقەڵەم دراوە. بەڵام لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیـستەوە بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بەو ڕێسا و یاسـایانە هـاتنە گـۆڕێ و بە جۆرێـک کە ئیـدی تیـۆرییەکەی

ئەریستۆ بە تیۆرییەکی تەقلیدی ژمێردرا و کۆمەڵێک هەوڵی تیۆریی تر پەیدا بوون، کە هەوڵیان دا جێی ئەو تیۆرییە بگرنەوە، لە بەناوبانگترینیشیان تیۆرییەکەی شانۆکار و تیۆریستی ئەڵمانی "بیرتۆڵت برێخت ١٨٩٨-١٩٥٦" بوو کە ئەو شانۆییانەی پەیڕەوییان لە تیۆرییەکەی ئەریستۆ دەکرد، ناو نا "شانۆی ئەریستۆیی" یان "شانۆی درامایی" و هەروەها "شانۆی تەقلیدی"، لە کاتێکدا تیۆرییەکەی خۆی ناو نا "تیۆریی شانۆی داستانی" و هەندێجار بە "شانۆی دیالەکتیکی"یش ناو دەبرا، لەو ڕووەوەی کە پەیڕەویی لە ڕێساکانی "دیالکتیکی مارکسی" دەکرد.

## بۆچی برێخت دژ بە شانۆی ئەریستۆیی وەستایەوە؟

برێخت بۆیە دژ بە شانۆی ئەریستۆیی وەستایەوە و شانۆکەی خۆی بە شانۆیەکی نائەریستۆیی وەسف کرد، لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی برێخت، کە لەژێر کاریگەریی فیکر و فەلسەفەی مارکسیدا بوو، شانۆی ئەریستۆیی شانۆیەکە ڕۆڵێکی نەرێنی بە بینەر دەدات و ناچاری دەکات بە ئەمری واقیع قایل بێت، لە کاتێکدا بە بڕوای برێخت دەبێ شانۆ ئەو قسەیەی مارکس بهێنێتە

دی کە دەڵێت "فەیلەسووفان تا ئێستا کاریان تەفسیرکردنی دونیا بووە، لە کاتێکدا دەبێ فەلسەفە کاری ئەوە بێت دونیا بگۆڕێت". کەواتە برێخت لە جیهانبینییەکی تەواو جیاوازەوە تەماشای گوتاری شانۆیی و ئەرکی شانۆی کردووە.

بەڵام بۆچی برێخت شانۆی ئەریستۆیی بە شانۆیەک دەزانێ کە ڕۆڵێکی نەرێنی بە بینەر دەدات؟ برێخت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرک و ئامانجی شانۆ لە شانۆی ئەریستۆییدا، بەوەی دواجار ئامانج لە شانۆی ئەریستۆییدا، هەروەکو ئەریستۆ دەڵێت "پاکژکردنەوە"یە. پاکژکردنەوەش وەکو پێشتر لێی دواین، لەڕێی وروژاندنی هەردوو هەستی ترس و بەزەیی بینەرەوە دێتە دی، لە کاتێکدا لەگەڵ ڕووداوەکان و پاڵەوانی تراجیدیدا ئیندیماج دەکات. ئەمەش وا دەکات بینەر کە دەبینێت چ چارەنووسێکی خراپ دووچاری ئەو پاڵەوانانە دەبێت (کە لە چینی ئۆریستۆکرات و فەرمانڕەوایانن)، هەرگیز خۆزگە بەوە نەخوازێ لەجێی ئەوان بێت و بە بەشی خۆی ڕازی بێت لە ژیاندا و بیر لە گۆڕینی واقیع و سیستم نەکاتەوە. ئەمەش واتە سەقامگیری و نەگۆڕان، بەڵام بە لای برێختەوە ئەمە دەبێتە مایەی زیاتر جێگیرکردنی

ئەو دەسەڵات و سیستمە، لە کاتێکدا شانۆ و ژیان واتە گۆڕان و شتێک نییە بە ناوی چارەنووسەوە، بەتایبەت ئەو چارەنووسەی کە وەکو لە شانۆنامە یۆنانییەکاندا دەیبینین، قەدەر دیاریی دەکات. بە لای برێختەوە چارەنووسی مرۆڤەکان پەیوەستە بە بارودۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و بە گۆڕینی ئەو بارودۆخانە، چارەنووسی مرۆڤەکانیش دەگۆڕێت. کەواتە ئەرکی شانۆ لاساییکردنەوەی واقیع و پاکژکردنەوەی بینەر نییە، بەڵکو ڕەخنەگرتنە لە واقیع و هوشیارکردنەوەی بینەر و بەشداریپێکردنێتی لە پرۆسەکەدا. بۆ گەیشتنی بەو مەبەستەش، چ لە نووسینی شانۆنامەکانیدا و چ لە دەرهێنانەکانیدا، پەنای بردە بەر تەکنیکێک کە ناوی نا "نامۆکردن" یان "نائاشناکردن". چەمکی نامۆکردن لای برێخت بەکورتی بریتی بوو لە وەرگرتنی شتێکی ئاسایی و پاشان پیشاندان و نامۆکردنی لای بینەر وەک شتێکی نائاسایی و دواتریش کردنەوەی بە شتێکی ئاسایی. لەمەشدا سوودی لە یاسای نەفیکردنی نەفی بینیبوو، وەک ئەوەی لە "ماتێریالیزمی دیالەکتیکی"دا باسی لێ کراوە.

هۆی ئەوەی کە بۆچی برێخت ناوی شانۆکەشی نا "شانۆی داستانی"، ئەوەیە کە داستان پشت بە گێڕانەوە

دەبەستێت و شانۆی داستانیش بە هەمان شێوە، هەروەها لە داستاندا خۆبەستنەوە نییە بە یەکەکانی کات و شوێنەوە، بە هەمان شێوە دەقی شانۆی داستانی خۆی بە یەکەی کات و شوێنەوە نابەستێتەوە.

هەڵبەت قسەکردن دەربارەی برێخت و شانۆی داستانی پێویستی بە باسێکی فرەلایەن و فرەڕەهەندە و ئەوەی ئێمەش لێرەدا دەمانەوێ بیخەینە ڕوو، بە تەنها ئەو جیاوازییانەی نێوان شانۆی ئەریستۆیی و شانۆی داستانییە کە برێخت خۆیشی لە ساڵی ١٩٣١دا لە خشتەیەکدا دیاریی کردن و وەکو ئاماژەشمان پێ دا، لە دوو جیهانبینی و گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن.

١. شانۆی ئەریستۆیی پشت بە ڕووداو دەبەستێت، بەڵام شانۆی داستانی پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت.

٢. شانۆی ئەریستۆیی هەوڵ دەدات بینەر لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئیندیماج بکات و بەمەش توانا و بڕستی لێ دەبڕێت، بەڵام شانۆی داستانی بینەر وەکو چاودێرێک بەسەر ڕووداوەکانەوە دەهێڵێتەوە.

٣. شانۆی ئەریستۆیی لەگەڵ هەست و سۆزی بینەردا دەدوێت، بەڵام شانۆی داستانی لەگەڵ

هۆشیارییدا، بەمەش وای لێ دەکات توانای بڕیاردانی هەبێت.

٤. شانۆی ئەریستۆیی پشت بە ئەزموونی مرۆیی دەبەستێت، بەڵام شانۆی داستانی پشت بە تێڕوانین و گۆشەنیگا دەبەستێت.

٥. شانۆی ئەریستۆیی لە کۆتاییدا ئەنجامێک دەدات بە بینەر، بەڵام شانۆی داستانی ڕووبەڕووی شتەکانی دەکاتەوە.

٦. شانۆی ئەریستۆیی هەوڵی ئەوە دەدات بڕوا بە بینەر بهێنێت ئەوەی ڕوو دەدات، ڕاستە، بەڵام شانۆی داستانی دەیەوێ بینەر گفتوگۆ دەربارەی ئەو شتانە بکات کە پیشانیانی دەدات.

٧. شانۆی ئەریستۆیی هەوڵ دەدات هەست لای بینەر دروست بکات، بەڵام شانۆی داستانی هەوڵ دەدات ئەو هەستەی لای بینەر دروست دەبێت، بگۆڕێت بۆ کردار.

٨. لە شانۆی ئەریستۆییدا بینەر بە هەمان ئەو ئەزموونانەدا تێدەپەڕێت کە پاڵەوانەکان پیا تێدەپەڕن، بەڵام لە شانۆی داستانیدا بینەر ڕووبەڕووی پاڵەوانەکان دەبێتەوە و دیراسەیان دەکات.

٩. له شانۆی ئەریستۆییدا وا گریمانە دەکرێ کە مــرۆڤ بــوونەوەرێکی ناســراوە، بەڵام لە شــانۆی داســتانیدا مـرۆڤ هەمیـشە بـابەتێکە بـۆ لێکـۆڵینەوە و زیاتر ناسینی،

١٠. له شانۆی ئەریستۆییدا مـرۆڤ قـابیلی گۆڕان نیـیە، لە کاتێکـدا لە شـانۆی داسـتانیدا مـرۆڤ هەمیـشە قابیلی گۆڕانە.

١١. لە شانۆی ئەریستۆییدا هەر دیمەنێک، دیمەنـی تر بەدوای خۆیدا دێنێت، بەڵام لە شانۆی داستانیدا هەر دیمەنێک یەکەیەکی سەربەخۆیە.

١٢. ڕووداو لە شــانۆی ئەریــستۆییدا پــشت بە پەرەســەندن دەبەســتێت، بەڵام لە شــانۆی داســتانیدا دیمەنەکان مۆنتاج دەکرێن.

١٣. لە شـانۆی ئەریـستۆییدا ئەوە هـزرە کە بـوون دیـاری دەکـات، بەڵام لە شـانۆی داسـتانیدا ئەوە بـوونی کۆمەڵایەتییە هزر دیاری دەکات.

## سەرچاوەکان:


١. فن الشعر، ارسطوطاليس، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، ١٩٧٣، دار الثقافة، بيروت.

٢. النقد المسرحي، د.عطية عامر، ١٩٦٤، بيروت.

٣. النقد الادبي الحديث، د. محمد غنيمي هلال، دار العودة، بيروت، ١٩٨٢.

٤. في فلسفة الجمال من افلاطون الى سارتر، د.اميرة حلمي مطر، القاهرة، ١٩٧٤.

٥. نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، د.رشاد رشدي، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٧.

٦. م.ادفسيانيكوف و ز. سميرنوفا، موجز تاريخ النظريات الجمالية، ترجمة: باسم سقا، ١٩٧٩ دار الفارابي، بيروت.

٧. تشينى، شلدون، تاريخ المسرح في ثلاثة آلاف سنة، ترجمة دريني خشبة، ١٩٦٣ القاهرة.

٨. المفهوم التراجيدي والدراما الحديثة، فوزي فهمي احمد، القاهرة، ١٩٦٣.

٩. الدسوقي، عمر، المسرحية: نشاتها و تاريخها و اصولها، القاهرة، مصر.

١٠. الماساة، كليفورد ليچ، ترجمة: د.عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٢.

**هەندێ لەو ناو و زاراوانەی لە باسەکەدا هاتوون:**

**ئەسخیلۆس:** Aeschylus (٥٢٥_٤٥٦ی پ.ز) بە یەکەم نووسەری شانۆیی یۆنانی کۆن دەژمێردرێ. زۆربەی تراجیدیان و بابەتەکانیان لە ئەفسانەی یۆنانی و پاڵەوانە یۆنانییەکانەوە وەرگیردراون. ئەو ئەگەرچی نزیکەی ٧٠ شانۆنامەی نووسیوە، بەڵام جگە لە حەوت شانۆنامە، هیچیان نەماونەتەوە. لە شانۆنامەکانی: (فارسەکان)، (پرۆمیسیۆس بەزنجیرکراوی)، (ئاگامەمنوون).

**سۆفۆکلیس:** Sophocles (٤٩٦-٤٠٥ی پ.ز) دووەم نووسەری شانۆیی یۆنانی کۆنە. لە ڕووی بابەت و تەکنیک و گفتوگۆوە، شانۆنامەکانی هێز و مکوومییەکی بەرچاویان هەیە و لە دەقە بەناوبانگەکانی: (ئۆدیپ بە پادشایی)، (ئەلیکترا)، (ئەنتیگۆن).

**یۆرپیدیس:** **Europides** (٤٨٠-٤٠٦ی پ.ز) بە سێیەم شاعیری گەورەی شانۆی یۆنانیی کۆن دەژمێردرێ. بە ڕای ڕەخنەنووسان، یۆرپیدیس لەوانی تر واقیعیتر بووە لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی شانۆنامەکانیدا. لە شانۆنامەکانی (میدیا)، (ئەفیگینیا لە ئۆلیس)، (ئەلیکترا)، (فینیقییەکان).

**ئەریستۆفانیس: Aristophanes** (٤٤٦-٣٨٦ی پ.ز) ناودارترین کۆمێدیانووسی یۆنانی کۆنە. لە کۆی ٤٤ شانۆنامە، بە تەنها یانزدە شانۆنامەی ماونەتەوە. لە شانۆنامەکانیدا بە زمانێکی تەنزئامێزی توند ڕەخنە لە دیاردەکان و مرۆڤەکان دەگرێت، تەنانەت بە سوکراتی فەیلەسووفیشەوە. لە شانۆنامەکانی: (هەورەکان)، (باڵندەکان)، (پەرلەمانی ژنان)، (ئاشتی)، (لیزیستراتی).

**ناسینەوە: Anagnorisis** بریتییە لەو حاڵەتەی کە پاڵەوانی شانۆنامەکە ڕاستییەک، یان چەند ڕاستییەکی بۆ دەردەکەوێ و ئەمەش دەبێتە هۆی وەرگەڕان (یان وەرچەرخان) لە کرداره دراماییەکەدا و بەوەش پلۆتەکە بەرەو چارەسەر دەچێت. نموونەی ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە ئۆدیپ بۆی دەردەکەوێ بکوژی باوکێتی و هاوسەری دایکێتی.

**پاکژکردنەوە: Catharsis** ئەمە یەکێکە لەو چەمکانەی ئەریستۆ کە زۆرترین مشتومڕی لەبارەوە کراوە، بەڵام مەبەست لەم چەمکە لای ئەریستۆ پاکژبوونەوەی دەروونییە بینەرە لە هەڵچوونەکان، وەختێ لەڕێی بینینی چارەنووسی پاڵەوانی تراژیدییەوە هەردوو هەستی ترس و بەزەیی لا دەورووژێ.

**کـارەکـتـەر (یـان کەسـێتی): Character** دووەم تــوخمی گرنگــی پێکهێــنەری درامــایە لای ئەریــستۆ. ئەریستۆ ئەم توخمە بە (ئاکار) ناو دەبات، لەبەر ئەوەی ئەو مەبەستی لێی ڕەفتاری ئەو کارەکتەرەیە لە ڕەوتـی کرداری دراماییدا لە شانۆنامەکەدا.

**کۆمێدیا: Comedy** گەرچی ئەریستۆ لە کتێبەکەیدا زۆر کەم باســی لە کۆمێــدیا کــردووە و پێــدەچێ ئەو بەشــەی کە تــایبەتە بە کۆمێــدیا، فەوتابێــت، بەڵام لەو نووسینەی کە سەبارەت بە کۆمێدیا ماوەتەوە لە کتێبی "هــونەری شــیعر"دا، بۆمــان دەردەکەوێ کە کۆمێــدیا کەســەکان خراپتــر پیشان دەدات لەوەی کە لە ڕاستیدا هەن، گەرچی مەرج نییە ئەو کەسانە شەڕەنگێز و خراپ بن، وەلێ مایەی پێکەنینن.

**پلۆت (چیرۆک)ی ئاڵۆز: Complex plot** ئەو چیــــرۆکەیە لە تراجیــــدیادا کە پـــــشت بە وەرگەڕان و ناسینەوە دەبەستێت و دەبێ بە شێوەیەکی سروشتی لە ئەنجامی ڕۆنانی درامایی تراجیدیاکەوە ڕوو بدات.

**دەربڕین (یان زمان) Diction:** لای ئەریستۆ مەبەست لە دایەلۆگەکانی ناو شانۆنامەکە و شێوەی ئەدایانە لە لایەن ئەکتەرەکانەوە. بە لای ئەوەوە هەر ژانرە و زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر کەسێتی و دۆخەش بە هەمان شێوە. لە توخمە پێکهێنەرەکانی تراجیدیایە.

**دیۆنیزۆس (یان باخۆس): Dionysus** خواوەندی ڕەز و بادە لای یۆنانییە کۆنەکان. سالانە ئاهەنگی تایبەتیی بۆ ڕێک دەخرا و هەر لەو ئاهەنگانە و سرووتەکانیەوە دراما سەریهەڵدا.

**خواوەند لە ئامێرەوە: Deus ex machina** کاتی خۆی لە هەندێ نمایشی شانۆیی یۆنانی کۆندا، وەختێ دۆخە دراماییەکە گەیشتووەتە ئاستێک لە ئالۆزبوون کە نەتوانراوە چارەسەر بکرێ، لەڕیی ئامێرێکەوە خواوەند هاتووەتە سەر شانۆ و دۆخەکەی چارەسەر کردووە. لێرەوە ئەم تەکنیکە ناونرا خواوەند لە ئامێرەوە، بەڵام ئەم تەکنیکە بە لای ئەریستۆوە تەکنیکێکی لاوازە، لەبەر ئەوەی وەکو ئەنجامێکی سروشتیی ڕۆنانی درامایی نایەت، بۆیە ئامۆژگاریی درامانووسان دەکات خۆیانی لێ بەدوور بگرن.

**دراما: Drama** لای ئەریستۆ، دراما بریتییە لە گێڕانەوە لەڕێی کردارەوە و بە هۆی ئەکتەرەکان و قسەکردن و هێماکانیانەوە بە بەرچاوی بینەرانەوە.

**داستان: Epic** لای ئەریستۆ، داستان بریتییە لە ژانرێکی شیعری کە لەڕێی گێڕانەوەوە دەخرێتە ڕوو، بۆ ئەمەش نموونەی داستانەکانی هۆمیرۆس دەهێنێتەوە.

**هامارتیا: Hamartia** وشەیەکی یۆنانییە کە بە مانای "هەڵەی تراجیدی" دێت. بریتییە لەو هەڵەیەی کە پاڵەوانی تراجیدی لە ڕووی لاوازی، یان نەزانینەوە دەیکات و دەبێتە مایەی بەدبەختی. وەکو کوشتنی لایۆس لە لایەن ئۆدیپی کوڕیەوە.

**پاثۆس: Pathos** ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی دەبنە مایەی ترس و بەزەیی بینەران لە تراجیدیادا. یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی چیرۆک لە تراجیدیادا.
**وەرگەڕان: Peripetea** لای ئەریستۆ بریتییە لە وەرچەرخانی دۆخ لە چیرۆکی تراژیدیادا بە جۆرێک کە چاوەڕواننەکراوە لای بینەران.

## کتێبە چاپکراوەکانی ئازاد بەرزنجی

١- تەرمی نەناسێک (پێنج کورتەچیرۆک) ٢٠٠٤
٢- چاوەکانی (ڕۆمان) بوزورگ عەلەوی چاپی یەکەم ١٩٩٧ چاپی یانزدەیەم ٢٠١٦
٣- جۆناسانی نەورەس (کورتەڕۆمان) ڕیچارد باخ چاپی چوارەم ٢٠١٤
٤- خەونێک لە وڵاتی پیاوە بچکۆلەکاندا (کورتە چیرۆکی جیهانی) چ١ ١٩٩٧ چ٢ ٢٠١٠
٥- بەناوی ژیانەوە (وتار و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ) ئەریک فرۆم چ١ ١٩٩٨، چ٤ ٢٠١٥
٦- پیدرۆ پارامۆ (ڕۆمان) خوان ڕۆلفۆ (لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلی-دا) چ١ ١٩٩٩ چ٢ ٢٠١٠
٧- چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی (وتار و باسی فیکری و ئەدەبی) چ١ ٢٠٠١ چ٢ ٢٠٠٦
٨- تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا، محەمەد نورەدین ٢٠٠١
٩- لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) ٢٠٠١
١٠- نیچە، پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠١
١١- ژنێ لە بەردەم وەرزێکی سارددا، ژیان و شیعری فروغ فەڕوخزاد چ١ ٢٠٠٢ چ٣ ٢٠١٣
١٢- سارتەر، پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠٢
١٣- مۆدێرنەکان (وتار و باسی فیکری و ئەدەبی) ڕامین جەهانبەگلو چ١ ٢٠٠٣ چ٢ ٢٠٠٩
١٤- کیرکەگۆر، پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠٣
١٥- کازانتزاکیس، یۆرگۆس ستاسیناکیس ٢٠٠٤
١٦- دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) بە هاوکاری لەگەڵ ئاوات ئەحمەد-دا ٢٠٠٤
١٧- چاکە و خراپە، کریشنامورتی چ١ ٢٠٠٤ چ٢ ٢٠١٥

١٨- ئاوریشم (ڕۆمان)، ئەلێساندرۆ باریکۆ چ١ ٢٠٠٤ چ٣ ٢٠١٥
١٩- بەفر (ڕۆمان)، ماکسێنس فێرمین ٢٠٠٤، چ٣ ٢٠١٥
٢٠- کەمانچە ڕەشەکە (ڕۆمان)، ماکسێنس فێرمین ٢٠٠٥، چ٣ ٢٠١٥
٢١- هەنگەوان (ڕۆمان)، ماکسێنس فێرمین ٢٠٠٦ ، چ ٣ ٢٠١٥
٢٢- نامەی منالآن بۆ خوا، ستیوارت هامپڵ و ئیریک مارشاڵ ٢٠٠٥
٢٣- فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری ٢٠٠٥
٢٤- لاپەڕە پەرشەکان (چەند دەقێکی وەرگێڕراو و نووسراو) ٢٠٠٥
٢٥- حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، پاولۆ کۆییلیۆ ٢٠٠٦
٢٦- مێژووی شارستانێتی، ویڵ دیورانت (بە هاوکاریی دانا ئەحمەد و نەبەز کەمال) ٢٠٠٧
٢٧- سازی ئاسنین (شانۆنامە)، جۆزیف ئۆکۆنۆر ٢٠٠٧
٢٨- بەبێ خوێن (ڕۆمان)، ئەلێساندرۆ باریکۆ ٢٠٠٨
٢٩- نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (یان ئەفسانەی ١٩٠٠)، ئەلێساندرۆ باریکۆ ٢٠٠٨
٣٠- شارۆچکەکەمان (شانۆنامە)، تۆرنتۆن وایڵدەر ٢٠١٠
٣١- شازادە خاتوون و کیژۆڵەی دارستان (شانۆنامە بۆ منالآن)و لە دەقێکی س. مارشاک-ەوە ٢٠١٠
٣٢- هەزار خۆری درەوشاوە (ڕۆمان)و خالید حوسەینی ٢٠١١
٣٣- خاک و خۆڵەمێش (ڕۆمان)و عەتیق رەحیمی ٢٠١١
٣٤- نیگاکان (وتار و باسی نووسراو و وەرگێڕراو) ٢٠١١
٣٥- وەرگێڕان لە گفتوگۆدا (وتار و گفتوگۆ لەسەر وەرگێڕان) ٢٠١٢
٣٦- مرۆڤی یاخی ئەلبێر کامۆ ٢٠١٢
٣٧- ئەفسانەی سیزیف، ئەلبێر کامۆ ٢٠١٣
٣٨- هەزار ماڵ لە خەون و ترس (ڕۆمان)، عەتیق ڕەحیمی ٢٠١٢
٣٩- عاشق هەمیشە تەنیایە (شیعر و ژیانی سوهراب سپهری) ٢٠٠٦
٤٠- گوڵەکان بۆ کێن؟ محێدین زەنگەنە (سێ شانۆنامە) ٢٠١٢
٤١- نهێنییەکانی ژیان، ئۆشۆ ٢٠١٣
٤٢- نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (ڕۆمان)، عەتیق ڕەحیمی ٢٠١٣

٤٣- کۆڵۆنێل (ڕۆمان)و مەحموودی دەوڵەت ئابادی ٢٠١٤
٤٤- قەلەندەر و قەڵا (ڕۆمان)، یەحیا یەسریبی ٢٠١٥
٤٥- حەللاج (ڕۆمان)، عەباس ئەرنائووت ٢٠١٦
٤٦- مەرگ لە دەرگا دەدات (٣ شانۆنامە) ٢٠١٦
٤٧- تیۆریی دراما لای ئەریستۆ (لێکۆڵینەوە) ٢٠١٦

**وەرگێڕان بۆ عەرەبی:**

٤٨- مضيق الفراشات (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكس) بيروت – لبنان ١٩٩٦ ط٢ السليمانية دار سردم للطباعة والنشر ٢٠٠٧
٤٩- عار تماما كالماء (مختارات شعرية للشاعر دلاور قرداغي) سوريا – دمشق ٢٠٠
٥٠- سفر الروائح (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكس) دار نينوى- دمشق – سوريا ٢٠٠١
٥١- انبهارات (مختارات للشاعر شيركو بيكس) المركز القومي للترجمة – القاهرة-٢٠١١